# میتۆدی محمد شحرور لە مامەڵەکردن لە گەڵ دەق و کەلەپووردا

## توێژینەوەیەکی شیکاری رەخنەیە

(PP 476 - 493)

https://doi.org/10.21271/zjhs.23.s4.32

**کۆسرەت ساڵح ئەحمەد**

کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان / زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

kosrat.ahmed@su.edu.krd

**Supplementary Vol.23, No.4, 2019**
The Texts and Heritage:
"Readings and Reviews"

**پوختە**

بنەما مەنهەجییەکان بەردی بناغەی نووسینن, هەرکات دروست و تۆکمەبن, دەرەنجامەکانیش نمونەیی و بابەتی دەبن, بەپێچەوانەوە لادان، تێکگیران و دیدلێڵی جێگەی بابەتیبوون و تۆکمەیی دەگرێتەوە.ئەم توێژینەوە بریتیە لە توێکاریکردنی مەنهەجی محمد شەحرور لە دیدێکی شیکاری رەخنەییەوە. کە گرنگترین بنەما مەنهەجییەکانی نوسینەکانی محمد شحرور دەکاتە ئامانج. کێشەی توێژینەوە لە هەڵسەنگاندنی بنەما مەنهەجییە سەرەکیەکانی ئەو خۆی دەبینێتەوە, بۆ دیاریکردنی پێگەی نووسینەکانی، لە رووی بابەتی بوون و نەبونەوە. هەروەک هەوڵدراوە چەند پرسیارێکی گرنگ سەبارەت بەم بابەتە وەڵامبدرێتەوە, سەرەکیترینیان: ئایا بنەما مەنهەجییەکانی محمد شەحرور دەچنە خانەی نوێگەری یان لادان؟ لە رێگەی دوو مەنهەجی سەرەکیەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە, ئەمانیش: مەنهەجی شیکاری کە خۆی لە شیکارکردن و روونکردنەوەی بنەما مەنهەجییەکانی شەحرور دەبینێتەوە, دواتر لە رێگەی مەنهەجی رەخنەییەوە, نەشتەرکاری بۆ ئەو بنەمایانە ئەنجامدراوە، پشتبەستوو بە بەڵگەی قورئان, بەڵگەی عەقڵ و زمانەوانی. لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر لەم توێژینەوەیە پێیگەیشتووە: بەگشتی بنەما مەنهەجییەکانی محمد شەحرور کە زۆرینەی ئەنجامگیریەکانی لەسەر وێناکردوون, دەچنە خانەی لادان و ئینحراف لەبری نوێگەری و بابەتیبوون، بەهۆی پابەندنەبوونی بە بنەما زانستیەکانەوە.

**کلیلی توێژینەوە**: میتۆد، دەق، کەلەپور.

### 1/ پێشەکی

هەتا مرۆڤ بوونی لەسەر هەسارەی زەوی بمێنێت، هەوڵی نوێگەری و داهێنان و تازەکردنەوە لە گشت کایەکانی ژیان بەردەوامی دەبێت. لەناو کۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، موسوڵمانانیش لە کاروانی هزر، مەعریفە, ژیارستانی و شارستانیەت، کەم یان زۆر، جێ دەستی خۆیان نەخشاندووە. بەپێی هەڵگێڕ و وەرگێڕەکانی زەمەن، کاریگەریی و هەژموونییان بەسەر جیهان، بەرز و نزمی کردووە. بەڵام هیچ کات بەو ئەندازەیەی ئێستا نەگەیشتووە .

لە پێناو چارەسەرکەردنی قەیرانە فرەڕەهەند و هەمەلایەنەکان، بیرمەندان سەردەمێکە کەوتونەتە خۆ بۆ ریفۆڕم و پاڵفتەکردنی تەواوی بوارەکانی ژیان. لە ناویشیاندا هزر و فیقهی ئیسلامی، بە ئومێدی نوێبونەوە و گەشەپێدانی باروزروفی کۆمەلایەتی، سیاسی، هزری، مەعریفی، تەکنەلۆژی و زانستی..هتد. لەپێناو هێنانەدی ئامانجێکی لەم چەشنە، چەندین دەستە و کەسایەتی هەوڵی نوێکردنەوەی کەلەپووری ئیسلامی دەدەن.

لەم توێژینەوە سنوردارە دەمانەوێت بەپێی توانا تیشکێك بخەینە سەر مەنهەجی نوسەرێکی هاوچەرخ، کە وەك خەمخۆرێکی ئیسلام و جیهانی ئیسلامیی خۆی نمایش دەکات. لەرێگەی بانگەشەی پەراوێزخستنی تێکرای کەلەپووری ئیسلامی و دووبارە خوێندنەوەی قورئان لەژێر رۆشنایی فەلسەفەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمی رۆژئاوایی خزمەتێك بە جیهانی ئیسلامی بکات. ئەمیشیان بریتیە لە "ئەندازیار محمد شەحرور" خاوەنی پرۆژەی "خوێندنەوەی دووەم یان هاوچەرخ بۆ قورئان"-وەك خۆی دەیلێت.-

لەم توێژینەوەیە دەمانەوێت شیکاری مەنهەجەکەیی و هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی بۆ ئەنجام بدەین، لە ژێر رۆشنایی دەقەکانی قورئانی پیرۆز, بەڵگە عەقڵی و زمانەوانیەکان. پێویستە لەو نێوەندەدا کەسانێك بە توێژینەوەی بابەتی و زانستیانە هەقیقەتی تێزە مەعریفیەکانی شەحرور شیکار بکەن. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی سوکایەتی کردن یان پیرۆزکردن نەنوسراوە، بەڵکو ئامانجمان، وەك (طە عبدالرحمان) دەڵێت، بریتیە لە: "پێویستە قسە و کردارمان هەبێت، بۆ ئەوەی نەوترێت هەق بزرە و سەرخەری نیە، نا هەقیش بەربڵاوە و رکابەری نیە"(طە عبدالرحمان، ل11). ئاشکرایە مەنهەج بریتیە لە شادەماری نووسین, چونکە تێکڕایی ئەنجامگیریی و دەرەنجامەکان لەرێگەی مەنهەجەوە دێنە بەرهەم, بەمەش لە کرداری شیکاری بنەما مەنهەجیەکان بۆمان

دەردەکەوێت، نوسینەکانی ئەندازیار دەچنە خانەی نوێگەری و ئیجتیهاد، یان لادان و ئینحراف. لەڕێگەی بەکارهێنانی هەردوو مەنهەجی شیکاریی و رەخنەییەوە، ئەم توێژینەوە وەڵامی چوار پرسیاری سەرەکی دەکاتە ئامانج، کە بە پێی توانا هەوڵدراوە بێ لایەنانە وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە بخەینە ڕوو، کە ئەمانەن :

- فەلسەفەی مەحەمەد شەحرور (خوێندنەوەی دووەم) چیە و چۆن ئەنجامدەدرێت؟.
- بنەما مەنهەجیەکانی شەحرور چین و تا چەند لەگەل بەڵگە و ئامانجە قورئانی و ئیسلامیەکان تەریبن؟.
- تێزە مەعریفی و هزریەکانی شەحرور دەچنە خانەی ئیجتهاد یان لادان؟.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خزمەتکردن بە بە کاروانی مەعریفەت و هزری ئیسلامی، هەروەها پەردە لەسەر چەند ڕاستیەکی شاراوە هەڵبدەینەوە سەبارەت بە هزری شەحرور و فەلسەفەکەی و خوێنەری کوردیان پێ ئاشنا بکەین .

**2/ فەلسەفەی محەممەد شەحرور**

دیارترین دروشمی شەحرور سەبارەت بە قورئان بریتیە لە: "قورئان بخوێنەوە وەك ئەوەی شەوی رابردوو دابەزیووە" (شەحرور 2000، ل53). هەروەها "جێگیری دەق و گۆڕاوی ناوەرۆك (ثبات النص وتغيير المحتوى)" دیارە ئەم دوو دروشمە دیارترین بیرۆکەن کە شەحرور لە پاڵیاندا دەیان و سەدان بیرۆکە وراڤەی بۆ دەقە ئاینیەکان, لە چوارچێوەی نووسینەکانییدا خستونە ڕوو. ئەو پێی وایە هەمیشە رەهەندی کات و زەمینەی مەعریفی, فیکری و زانستی واتای کاتی دەق و تێکستەکانی قورئان دیاری دەکەن، هەر ئەمەش سەلمێنەری جیهانیانەی ئاینی ئیسلام و گونجاویەتی لەگەل هەموو سەردەم و کات (شەحرور 2008، ل30).

بە واتایەکی تر، شیکاریەکانی پەیامهێن بۆ تێکست و دەقە ئاینیەکان تەنها تا ئەو ئەندازەیە بووە کە زەمینەی مەعریفی و فیکری و داب و نەریت رێگەی بۆ فەراهەم کردووە، ئیدی لەم سات و کاتەدا کە زەمەن گۆراوە و زەمینەکانی فیکری و مەعریفی و زانستی تەواو گۆڕانیان بەسەر داهاتووە و 100 پلە بەرەو پێشوەچونیان بەخۆیانەوە بینیەوە، لەلایەکی تر کاریگەری زانستە پراکتیکیەکان سنورەکانی داب و نەریتیان بەرتەسکتر کردۆتەوە، هیچ بەها و مانایەك بۆ زۆربەی دەق و تێکستەکانی فەرمووده نەماوە، چونکە بنەمای قۆناغگیری راڤەکردنی تێکستە ئاینیەکان ئەوەمان پێدەڵێت کە فەرموودەکانی پەیامهێن –د.خ- تەنها بۆ سەردەمی سەدەی حەوتەمی زاینی بوون نە زیاتر، جگە لە بەشێك لەفەرموودەکانی تایبەت بە ئاکار و ڕەفتار، رەوشت و هەڵسوکەوتە تایبەتیەکان نەبێت کە پەیوەستن بە ڕێکخستنی نێوان بەندە و پەروەرێن، هاوڕێ لەگەل رێکخستنی بەشێك لە پەیوەندیەکانی نێوان بەندەکان، بەواتایەکی تر تەنها ئەو فەرموودانە شیاوی کارپێکردنن لەهەموو کات و شوێنێك کە باس لە (درووشمە ئاینیەکان، خواپەرستیەکان، رەوشت و هەلِسوکەوت، حوکمە شەرعیەکان) دەکەن، بەدەر لەمانە تێکڕای فەرموودەکانی تر، بۆ سەدەیی حەوتەمی زاینی بوون و ئێستا بەکەڵکی کارپێکردن نایەن، چونکە جگە لە ئیجتهاداتی پەیامهێن شتێکی تر نین، ئاشکراشە کە ئیجتیهاد تەنها بۆ سەردەمێکی دیاریکرا و شوێنێکی دیاریکراوە و بەهیچ شێوەیەك سیفەتی جیهانیبوون و گشتاندنیان (العالمية والشمولية) لێ ناوەشێتەوە (شەحرور 2008، ل41.(

هەروەها، فەرموودەکانی پێغەمبەرایەتی (النبوة) شتێکن و فەرموودەکانی پەیامهێنی (الرسالة) شتێکی ترن. بۆیە فەرموودەکانی پەیامهێنی پێویستە هەموو کات شوێنیان بکەوین، هەر لەسەردەمی هاتنە خوارەوەی وەحی تاوەکو قیامەت، ئەمانیش بریتین لە دروشمە خواپەرستیەکان کە لە ڕێگەی گەیاندنی کرداری (التواتر الفعلی) بە ئێمە گەیشتوون، کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیان بە کتێبەکانی فەرموودەوە نیە (شەحرور 2008، ل42.(

سەبارەت بە فەرموودە قەولیەکانی پەیوەندیدار بە کۆمەلگە، سیاسەت، رێکخستن، داب و نەریت، جلوبەرگ، رەوشت کە لە ژێر ناوی (الحكمة) بە ئێمە گەیێنراون ئەوە بریتین لە فەرموودەی پێغەمبەرایەتی (النبوية) کە هەڵگری رەهەندی کاتی و شوێنیین و بەهیچ شێوەیەك هەڵگری سیفەتی هەتا هەتایی نین، تەنها دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت بەڵام بە حوکمی شەرعی دانانرێن (شەحرور 2008، ل42 .(

هەموو فەرموودە قەولیەکانی پەیامهێن وەردەگیرێن ئەگەر لەلایەنی ئینسانی قەبوڵ بن، جگە لەمانە بە کاتی و شوێنی و ناوخۆی هەژماردەکرێن-واتە رەتدەکرێنەوە-. پاَلپشت بەو بنەمایە کتێبەکانی ناسراو بە فەرموودە زیانیان زۆر زیاترە لە سوود و قازانج-ئەگەر بڕیاربێت سودیان هەبیت- واتە ئەوانەی پێیان دەڵین (السنة النبوية) بەشێکن لە حوکمەکانی پەیامهێنی (واتە حوکمە شەرعیەکان کە لە فیقهی ئیسلامی بەمەوە ناسراون) کە هەتاهەتایی نین و واجب نیە پێیانەوە پابەند بین، صەحیح بن یان نا. بەم شێوەیە زانستی ناسراو بە (الجرح والتعديل وطبقات الرجال) هیچ واتایەکیان نامێنیت و تەنها بارن بەسەرمانەوە (شەحرور 2008، ل42.(

شەحرور پێی وایە لەبری کارکردن بەو جۆرە فەرمووده ئیجتیهادیانە-بە تێگەیشتنی شەحرور- فەلسەفەی (الجدلية المادية + الجدلية المثالية + الكينونة + السيرورة + الصيرورة + فلسفة التاريخ) هاورێ لەگەڵ فەلسەفەی أصل الأنواع ی داروین شیاون کە ببن بەسەرچاوەی راستەقینەی راڤەکردنی تێکست و دەقە قورئانیەکان لەم سەردەمەدا، کە دەکرێت لە داهاتوودا هاوشانی پێشوەچوونی زانستە پراکتیکی و تیۆریەکان، سەرچاوەکانی راڤەکردنی دەقەکانی قورئان گۆڕانکاریان بەسەر بێت، ئەمەش بنەما لەسەر ئەو تیۆریەی شەحرور کە دەڵێت: "نەگۆڕی دەقی قورئان و گۆڕاوی ناوەڕۆك"، واتە: مانەوەی ئایەتەکانی قورئان لەسەر هەمان شێواز و پێکهاتەی خۆیان، هاوڕێ لەگەڵ نوێبوونەوەی راڤەکانیان بە پێی سەردەم و کات، بۆ ئەوەی لە ئاستی پێشکەوتنە زەبەلاحەکانی جیهان لە گشت بوارە جۆراوجۆرەکان دەقە پیرۆزەکان بتوانن هەڵگری پەیامی نوێبونەوە بن و لە ئاست گۆڕانکاریەکان دەستەوسان نەبن (شەحرور 1990، ل193 ..(

شیاوی باسە شەحرور باوەری بەهیچ یەك لەو تێزانە نیە، وەك خۆیان، کە لە کەلەپووری ئیسلامی بوونیان هەیە، بۆ نموونە (پایەکانی ئیسلام و ئیمان، عەدالەتی صەحابە، ئیجماع و قیاس، تەرادووف، ...هتد)، بەڵکو بۆ هەریەك لەم بابەتانە تێگەیشتنێکی تری تایبەت بەخۆی هەیە، کە لەلاپەرەکانی داهاتوو شیکاری هەندێکیان دەکەین.

**3/ شەحرور و مامەڵەکردن لە گەڵ قورئان**

شەحرور لە یەکەم پەرتوکیدا (الكتاب والقرآن: قراءة معاصرة) هیچ بەش و برگەیەك بۆ روونکردنەوەی بنەما مەنهەجیەکانی روون ناکاتەوە کە لە نووسینی پەرتوکەکەی پەیرەوی کردووە، بەلام لە پەرتووکی (تجفيف منابع الإرهاب) کە لەساڵی 2008ز بڵاویکردۆتەوە، کە ئەمە پێنجەم کتێبیەتی، لە لاپەڕەکانی سەرەتادا خۆی دەڵێت ئەم پەرتووکە راستکەرەوەی هەندێ بۆچوونیەتی کە لەهەر چوار پەرتووکی پێشوویدا هاتوون، وە "لەم پەرتووکەدا بۆچوونە راستکراوەکە خراوەتە روو، کە مەنهەجەکەمان خۆی لە خۆیدا کەم و کوڕیەکانی دیاریدەکات، بەبێ خاتر و خۆتر" (شەحرور 2008، ل15). بنەما لەسەر ئەم قسەیە، دیارە شەحرور لە هەندێ بۆچوونی پاشگەزبۆتەوە، یان کەمێك دەستکاری کردوون، ئەوەی گرنگە بۆ خوێنەر بزانێت کە ئەم دوو پەرتووکە (نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي، تجفيف منابع الإرهاب)، کۆتا بۆچونە مەنهەجیەکانی شەحروری تێدا خراونەتە روو، بۆیە زیاتر بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچونەکانی هەوڵدەدەین بگەڕێینەوە بۆ دوو پەرتووکە ، مەگەر بۆ روونکردنەوەی کۆمەلێك نمونە بگەڕێینەوە سەر پەرتووکەکانی تری.

شەحرور لەلاپەرە 189ی (نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي) و دواتر، هەروەها لەلاپەرە 25ی (تجفيف منابع الإرهاب) و پەرەکانی دواتر، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە پێویستە خوێندنەوەی دووەم نەوەك کۆتایی بۆ فیقهی ئیسلامی بکرێت، لەسەر کۆمەلێك بنەما و مەنهەجی تایبەت بە تێگەیشتنی خۆی. هەر لەوێدا شەحرور بەم شێوەیە مەنهەج پێناسە دەکات، مەنهەج، "واتە نیزامی مەعریفی پەیرەوکراو، کە تێگەیشتن لە قورئانی پیرۆز و دوبارە بنیاتنانەوەی فیقهی ئیسلامی هاوچەرخ لەوێووە سەرچاوە دەگرێت و هەڵدەقوڵێت. کە پوخت دەبێتەوە لە چەند خاڵێکی سەرەکی کە ئێمە بە گونجاویان دەزانین و بە کانگای خوێندنەوەی دووهەم بۆ قورئان و فەرمووده هەژماریان دەکەین" (شەحرور 2008، ل15.(

شەحرور ئەم خاڵە سەرەکیانە بەسەر پێنج بەش دابەش دەکات، کە بریتین لە (شتە پەیوەندیدارەکان بە باوەرەوە (إيمانيات)، دەستپێك و شتە سەرەتاییەکان (أوليات)، لایەنە زمانەوانیەکان (لغويات)، بناغەکانی مەنهەجی هزری، بنەماکانی فیقهی ئیسلامی هاوچەرخ .(

لەبەشەکانی داهاتوو، بەرەچاوکردنی کورتبری و پوختکاری هەڵسەنگاندن بۆ سەرەکیترین بنەما مەنهەجیەکانی دەکەین، بۆ ئەوەی بۆمان روون بێتەوە خوێندنەوە هاوچەرخەکەی شەحرور چەندە زانستیانە و بابەتیانەیە؟.!

برگەی یەکەم: قورئان و ئیقامە حوجە: شەحرور لە یەکەم خاڵی تایبەت بەم پرسە دەنوسێت: "ئایەتەکانی قورئان –التنزيل الحكيم- بریتین لە دەق گەلێکی ئیمانی، نەوەك بەڵگەیەکی زانستی، کە لەرێیانەوە دەکرێت ئیقامە حوجە لەسەر باوەرداران بکرێت، نەوەك تێکرای مرۆڤایەتی" (شەحرور 2008، ل27 ..(

بەپێی ئەم قسەیە بێت ئایەتەکانی قورئان رووی دواندن تەنها لە باوەرداران دەکەن، کە شوێنکەوتەی پەیامی موحەمەدن (د.خ)، بەمەش هەرکەسێك باوەری بە بەشی دووەمی شایەتومان هێنا (أشهد أن محمدا رسول الله) ئەوە پێویستە بە ئایەتەکانی قورئان ئیقامە حوجەی لەسەربکرێت، بەڵام ئەوانەی باوەریان بە پێغەمبەرایەتی موحەمەد نیە ئیقامە حوجەیان لەسەر ناکرێت بە ئایەتەکانی قورئان.

ئەم قسەیەی شەحرور سەر لەبەری هەڵەیە، چونکە سەبارەت بە موحەمەد و قورئان خوای پەروەرێن دەفەرموێت: { يَاأَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا} [النساو: 174] واتە: ئەی خەلکینە بورهانێکتان لەلایەن خوداوە بۆ هاتووە –کە موحەمەدە- هەروەها نورێکی ئاشکرا و روونکراوەتان بۆ هێنراوەتە خوارەوە کە قورئانە (النيسابوري، ج1، ل209). ئەوەی دەمانەوێت ئاماژەی پێبکەین سەبارەت بەو ئایەتە پیرۆزە هەرسێ ووشەی {يا أيها الناس، برهان، نورا مبينا} دیارە یەکەم خودا رووی دواندن لە مرۆڤایەتی دەکات نەوەك تەنها موسوڵمان و باوەرداران، دووەم بورهان کە موحەمەدە بۆ هەموو مرۆڤایەتیە کە لە رێی "النور المبين" کە قورئانە بانگەواز بۆ هەموو جیهان دەکات و چرایەکی رۆشنکەرەوەی تێکرای سەرزەویە، ئینجا ئەوەی باوەری پێهێنا و شوێنی کەوت ئەوە بە باوەردار هەژماردەکرێت و ئەوەش دوای ئەوەی بۆی روون کرایەوە و تەواو ئاشنا بوو بە بەرنامەی قورئان و پەیامهێن ئەوە هیچ بەهانەیەکی نامێنێت و ئیقامە حوجەی لەسەر کراوە و لەکاتی باوەرنەهێنان و پشت هەڵکردنیدا بە کافر هەژماردەکرێت .

بەمەش بۆمان روون دەبێتەوە ئەوەی شەحرور دەیڵێت کە قورئان تەنها ئیقامە حوجە بێت لەسەر باوەرداران هیچ بنەمایەکی زانستی نیە. شیاوی ئاماژە پێکردنە لەم چەند دێرەی رابردوودا شەحرور تووشی تێك گیرانێکی تر بۆتەوە کاتێك پێی وایە پەیامی – التنزيل الحكيم- پەیامێکی جیهانیە و بۆ گشت کات و شوێن و تێکرایی مرۆڤایەتی هاتووە (شەحرور 2000، ل192)، چۆن دەکرێت قورئان بەتەنها ئیقامە حوجە بێت بۆ بەشێك لە مرۆڤایەتی کە باوەردارانن و باقیەکەی قورئان هیچ پەیوەندیەکی لەرووی ئیقامە حوجەوە پێیانەوە نەبێت؟. دیارە ئەم دوو قسەیەی شەحرور تەواو پێچەوانەی یەکترن .

چەندین بەڵگەی تری حاشا هەلنەگرمان هەن کە قورئان ئیقامە حوجە لەسەر مرۆڤایەتی دەکات نەوەك بەتەنها بروادارن بە پەیامی موحەمەد، بۆ نمونە: {يَاأَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءَكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِمَّا كُنْتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ قَدْ جَاءَكُمْ مِنَ اللَّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُبِينٌ (15) يَهْدِي بِهِ اللَّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلَامِ وَيُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ} [المائدة: 15، 16]، {وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَى مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنْزِيلًا} [الإسراء: 106]، {وَمَا عَلَّمْنَاهُ الشِّعْرَ وَمَا يَنْبَغِي لَهُ إِنْ هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ وَقُرْآنٌ مُبِينٌ (69) لِيُنْذِرَ مَنْ كَانَ حَيًّا وَيَحِقَّ الْقَوْلُ عَلَى الْكَافِرِينَ} [يس: 69، 70]. ئاشکرایە ئەم ئایەتانە و دەیان ئایەتی تر لەو بابەتە شایەتن لەسەر ئەوەی کە قورئان بەتەنها ئیقامە حوجە ناکات لەسەر باوەرداران بەڵکو {من كان حيًا} هەرکەسێك رۆحی تێدا بێت و مرۆڤ بێت و تەکلیفی لەسەر بێت و پەیامەکەی بەرگوێ بکەوێت و لێی تێبگات ئەوە ئەو پەیامە دەیگرێتەوە و دەبێ بە ئیقامە حوجە و هیچ بەهانەیەکی لە باوەرنەهێنان بۆ نامێنێتەوە. بەمەش برگەی یەکەمی خوێندنەوە هاوچەرخەکەی شەحرور تووشی هەرەس دەبێت و دەچێتە خانەی لادان و ئینحراف.

برگەی دووەم: نەگۆری دەق و گۆراوی ناوەرۆك: لەکۆتای برگەی سەرەوەدا دەڵێت: "...هەروەها قورئان -التنزيل الحكيم- رەهایە لەزاتی خۆیدا، ئەمەش رێژەیی بوونی تێگەیشتنی خوێنەر و رێژەیی شوێنکەوتنی گەشەسەندنی مەعریفە و ئامرازەکانی نیشان دەدات، ئەمەشمان ناو ناوە نەگۆری دەق لە خودی خۆیدا و گۆراوی ناوەرۆك بۆ خوێنەرەکەی، ئا لێرەدا دەزانین بۆچی پەیامهێن رێگربووە لە راڤەکردنی گشت قورئان، مەگەر شیکاری کردنی دەقەکانی تایبەت بە دروشمە ئاینیەکان، چونکە ئەوان بەشێکن لە نەگۆرەکان" (شەحرور 2008، ل28 .(

لەم برگەیەدا چەند شتێك بۆ خوێنەر روون دەبێتەوە، لەوانە: تێکرای قورئان رەهایە، تێگەیشتن و راڤەکردنی رێژەییە، پێکهاتەی زەمانەوانی دەق و تێکستەکانی نەگۆرن، ناوەرۆکەکەی بەردەوام لە گۆراندایە، پەیامهێن رێگربووە لە راڤەکردنی تێکرای قورئان، پەیامهێن تەنها دروشمە ئاینیەکانی راڤەکردووە چونکە نەگۆرن.

هەرسێ برگەی (تێکرای قورئان رەهایە، تێگەیشتن و راڤەکردنی رێژەییە، پێکهاتەی زەمانەوانی دەق و تێکستەکانی نەگۆرن) کۆدەنگی زانایانی لەسەرە، سەبارەت بە (ناوەرۆکەکەی بەردەوام لە گۆراندایە) بەم رەهاییە نیە کە شەحرور لێرەدا بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو هەر خۆی لەنوسینێکی تریدا لە کتێبی (نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي 2000، ل191) دەڵێت: " ئایەتەکانی پێغەمبەرایەتی بریتین لە ئایەتە وێك چووەکان (المتشابهات) کە ملکەچن بۆ "نەگۆری دەق و گۆراوی ناوەرۆك"، بۆیە دەکرێت هەمیشە خوێندنەوەی نوێیان بۆ بکرێت لە ژێر رۆشنایی زەمینەی مەعریفی سەردەم و رۆژگار". لەم دێرەدا شەحرور تەنها ناوەرۆکی ئایەتەکانی (المتشابهات) کە بەبەشی (النبوة) ی ناو التنزيل الحكيم هەژماری کردووە (شەحرور 1990، ل213)، ملکەچ دەکات بۆ بابەتی گۆرینی بەردەوامی ناوەرۆك هاورێ لەگەل نەگۆری دەقە زەمانەوانیەکەی پێکهاتوو لە پیت و دەنگ .

بەمەش بۆمان روون دەبێتەوە کە لەنوسینەکانی دوایدا لەو برگەیە پەشیمان بۆتەوە و ئێستا پێی وایە کە ناوەرۆکی تێکرای ئایەتەکان لە گۆرانی هەمیشەییدایە، بەمەش شەحرور دەکەوێتە هەڵەیەکی مەنهەجی کوشندە، چونکە بەشێك لە ئایەتەکانی قورئان بە گۆرانی

کات و شوێن و سەردەم گۆران بەسەر ناوەرۆکەکەیان نایەت، وەك ئایەتەکانی عەقیدە و چیرۆك (القصص)، دروشم و خواپەرستیەکان، سلوك و رەوشت...هتد. کاتێك پەروەرێن دەفەرموێت:ﭐ مي نج نح ﱠ الصافات: ٤، باشە چۆن ناوەرۆکی ئەم ئایەتە دەگۆرێت بە گۆرانی کات و شوێن و سەردەم؟؟؟. سەدان ئایەتی تری لەم چەشنە لە قورئان بوونی هەیە کە ناوەرۆکی نەگۆری هەیە.

سەبارەت بە (پەیامهێن رێگربووە لە راڤەکردنی تێکرای قورئان، پەیامهێن تەنها دروشمە ئاینیەکانی راڤەکردووە چونکە نەگۆرن)، ئەم قسەیەش لە شوێنی خۆی نیە، چونکە پەیامهێن هەرگیز رێگرنەبووە لە راڤەکردنی تێکرایی قورئان، بەلکو خۆی تێکرای قورئانی راڤە نەکردووە، ئاشکرایە کە جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ئەو دوو بۆچوونە هەیە، -نەیکردووە یان رێگربووە -.

سەبارەت بە راڤەکردنی ئایەتەکانی تایبەت بە درووشمەکان کە شەحرور بە نەگۆڕ باسیان دەکات، دیارە لە دیدی شەحرور تەنها (12) شت بە نەگۆر هەژمار دەکرێن (شەحرور 2000، ل193) (ئەم دوانزە شتە ئەمانەن: (الشرك بالله، بر الوالدين، قتل الأولاد، الفواحش(الزنا واللواط والسحاق)، قتل النفس بغير الحق، البر باليتيم وعدم أخذ ماله، الوفاء بالكيل والميزان، العدل في القول والفعل، الوفاء بالعهد، نكاح المحارم، الربا، أكل الميتة والدم ولحم الخنزير) واتە: هاوەڵ بریاردان بۆ خودا، چاکەکاری لەگەل دایك و باوك، کوشتنی منداڵ، داوێن پیسی (زینا، نێربازی، هاورەگەزی ئافرەت و ئافرەت)، کوشتنی بە ناهەق، چاکەکاری لە گەل بێ باوکان و مال نەخواردنیان، تەرازوو بازی، دادگەری لە گوفتار و کردار، پابەندبوون بە بەڵێن، مارەکردنی مەحرەمەکان، سوو، خواردنی مردارەوە بوو و خوێن و گۆشتی بەراز)، بروانە : محمد شحرور، نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي، ص 134-136.) کە شەحرور جگە لەم (12) شتە هیچی تر بە نەگۆر ناناسێنێت، کەچی لێرەدا درووشمەکانیش بە نەگۆر دەناسێنێت وەك نوێژ، رۆژوو، زەکات، حەج (شەحرور 2012، ل121)، کەچی پێکهاتەی تەفسیری ئەو درووشمانە لەرێگەی کتێبەکانی فەرموودە و صیحاح و مەسانید (الصحاح والمسانيد) بە ئێمە گەیشتوون، لەکاتێك ئەو خۆی بریاریداوە کە ئەم جۆرە کتێبانە نەوەك هەر سوودیان نیە بەڵکو زۆر زیانیشیان هەیە، ئێستا بریاردەدات کە پەیامهێن تەنها درووشمە ئاینیەکانی راڤەکردووە چونکە نەگۆرن، پێویستە چەند پرسیاری جەوهەری لە ژێر رۆشنایی ئەو قسەی شەحرور بکەین. لەوانە: نەگۆرەکان تەنها (12) ن یان (12) + درووشمەکان، یان تەنها درووشمەکان؟، درووشمەکان چین و لەکوێوە دەست پێدەکەن و لەکوێ کۆتاییان دێت؟، چۆن زانیمان کە تەنها ئایەتەکانی تایبەت بە درووشمە ئاینیەکان نەگۆرن، مەگەر بریاڕ نەبوو هەموو دەقەکان نەگۆر و ناوەرۆکیان گۆراو بێت؟ خێرە لێرەدا ئایەتەکانی تایبەت بە درووشمە ئاینیەکان ناوەرۆکیان نەگۆرە، هەر بۆیە پەیامهێن راڤەی کردوون؟ چۆن زانیمان ئەو ئایەتانەی تایبەتن بە درووشمە ئاینیەکان نەگۆرن؟ کێ پێی راگەیاندین؟ لەکاتێك بریارە کە شەحرور دان نەنێت بە کتێبەکانی صیحاح و مەسانید، ئەسلەن چۆن زانرا کە پەیامهێن رێگری کردووە لە راڤەکردنی تێکرای ئایەتەکانی قورئان؟، چۆن زانرا کە پەیامهێن تەنها ئایەتەکانی تایبەت بە درووشمەمانی راڤەکردوون؟ چۆن زانرا نەگۆرن؟ –مەگەر بریار نیە کتێبەکانی صیحاح و مەسانید رەتبکرێنەوە چونکە جگە لە زیان سوودیان نیە-؟

دەیان پرسیاری تری لەم جۆرە کە لەنوسینەکانی شەحرور وەڵامێکی زانستیمان دەست ناکەوێت، سەرەرایی ئەوەی بۆمان روون دەبێتەوە کە شەحرور وەك پاڵەوانی سێرك بەکەیفی خۆی هەر جارە و لەسەر پەتێك یاری دەکات.

برگەی سێیەم: حەرام، حەڵاڵ، ئەمر و نەهی: لەبڕگەیەکی تردا شەحرور دەڵێت: "بنچینە لە ژیاندا بریتیە لە دەست واڵایی (الأصل فى الحياة هو الإباحة)، بەتەنها زاتی پەروەرێن (الله) مافی حەرامکردنی هەیە، هەرئەویش فرمان و رێگری دەکات، بۆیە حەرامکراوەکان بە پەیامی موحەممەد کۆتاییان پێ هاتووە، دەرەنجام هەموو فەتواکانی تایبەت بە حەرامکراوەکان هیچ بەهایەکیان نیە ئەگەر ژمارەکەشیان بە سەدان بێت. بەڵام جگە لە الله، هەر لە پەیامهێنەرانەوە تا دەگاتە دەستەکانی یاسادانان، تەنها (تأمر وتنهى) فرمان و رێگری ئەنجام دەدەن {وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ } [الحشر: 7]، بەشێوەیەك کە ئەمر و نەهی کاتی و شوێنین، بەڵام حەڵاڵ و حەرامکردن –التحریم- گشتگیر و هەمیشەیین. بۆیە پەیامهێن (د.خ) حەرام و حەڵالی (لا يحرم ولا يحلل) نەکردووە، بەڵکو فرمان و رێگری (يأمر وينهى) کردووە، بۆیە تێکرای رێگریکردنەکانی تایبەتمەندی کاتی و شوێنیان هەیە و بەهیچ شێوەیەك هەڵگری سیفەتی هەمیشەیی نین" (شەحرور 2008، ل28 .(

بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، پەرلەمانی وڵات هەرکات فرمانی بەکارێك یان قەدەغەی کرد، بەمەرجێك ئەم کارە لەحەڵاڵ و حەرامکراوەکانی قورئان نەبێت، ئەوە فرمانەکەی پەرلەمان ئیلزامیە و پێویستە برواداران پێیەوە پابەند بن ئەگەر لێژنەکانی فەتوادانانیش بەحەرامی بزانن، چونکە کاری پەرلەمانە نەوەك لێژنەکانی فەتوادانان .

بۆیە ئەگەر پەرلەمان بریاریدا کە بەکارهێنان و کرین و بەبازارکردنی مادده هۆشبەرەکان ئاساییە ئەوە حوکمەکەی ئیباحەیە و دەست واڵاییە، هەرگا برواداران مامەڵەی پێوەبکەن بەهەموو جۆرەکانیەوە، کرین، فرۆشتن، کێشان، بەکارهێنان ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بەلایەنی گوناهوتاوانەوە نیە، چونکە بەشێك نین لە حەرام و حەڵاڵ، بەهەمان شێوە مامەڵەکردن و بەکارهێنانی خواردنەوەکانی وەکو بیرە، وێسکی، شامپانی،...هتد، حوکمەکەیان دەچێتە ژێر دەسەڵاتی پەرلەمان و دەستەکانی یاسادانان، ئەگەر ئەوان رێگری لێنەکەن بەکارهێنانیان ئاساییە و ئەگەر رێگریان لێکرد قەدەغەیە. هەموو شتە تازەکان کە لە قورئاندا ناویان نەهاتبێت و بە حەرام هەژمارنەکرابن ئەوە دەچنە ئەم خانەیەوە.

لێرە پێویستە هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم تێکهەڵکردنە بکەین، سەرەتا سەبارەت بە برگەی یەکەم کە (بنچینە لە ژیاندا دەست واڵایی و ئیباحەیە)، بەو شێوە رەهاییە هەڵەیە، چونکە کایەکانی ژیان بۆ چەن بەشێك دابەش دەبن، خواپەرستیەکان، مامەڵەکردن، ژن و ژنخوازی،...هتد. ئاشکرایە هەر لەسەدەی یەکەمی کۆچیەوە ئەو باسە کەم تا زۆر گەنگەشە کراوە، بۆیە زانایانی أصول الفقه هەمیشە فەرموویانە: الأصل فى الأشياء النافعة الإباحة، الأصل براءة الذمة (مصطفى الزلمى 2014، ل93)، الأصل فى العبادات المنع أو الحظر (أبو المنذر المنياوى 2011، ل17)، الأصل فى الأبضاع الحرمة حتى يرد دليل على الحل (السيوطى 1990، ل257)...هتد. واتە: بنچینە لە کایە سوود بەخشەکان دەست واڵاییە، بنچینە لە بەرپرسیاریەتی مرۆڤدا ئەستۆ پاکیە، بنچینە لە خواپەرستیەکان رێ پێنەدراوە، بنچینە لە داوێن بریتیە لە حەرامیەتی هەتا بەڵگەیەکی حەڵاڵکار پەیدادەبێت.

ئەو یاسا ئوسولیانە ئەوەمان پێدەڵێن کە هەر کایەیەك لە کایە سوود بەخشەکانی بەردەستی مرۆڤ حوکمی حەڵاڵی بەسەر دەدرێت هەتا بەڵگەیەك لەسەر حەرام بوونی یان ناپەسند بوونی دەسەلمێت، بەڵام شتە زیان بەخش و پیسەکان هەر لە ئەساسەوە حەرام کراون لەسەر مرۆڤ، هەروەها مرۆڤ هیچ ئیلتیزامات و واجباتی لە ئەستۆ نیە هەتا بە بەڵگەی دروست نەسەلمێنرێت، هیچ خواپەرستیەك رێگا پێدراو نیە هەتا بەڵگەیەکی راست و دروست سەبارەت بەو خواپەرستیە دێتە سەلماندن، داوێنی هیچ کەس بۆ کەس حەڵال نابێت هەتا رێکارە شەرعیەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری بەشێوەیەکی دروست ئەنجام نەدرێن .

بەمەش بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەسل لە ژیاندا دەست واڵایی و ئیباحە نیە بەو رەهاییەیی کە شەحرور بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو کایەکانی ژیان بەسەر چەند لق و بەشێك دابەش دەکرێن، دوای شیکاریەکی ورد و رێك و پێك بریاریان لەسەر دەدرێت، کە دەچنە خانەی حەلاڵ یان حەرام.

سەبارەت بە بابەتی حەڵاڵ و حەرام و ئەمر و نەهی، ئاشکرایە ئەم چوار چەمکە پەیوەندیەکی توند و تۆڵیان بەیەکەوە هەیە، بەشێوەیەك هەر کاتێك باسی ئەمر و نەهی دەکرێت، راستەوخۆ بابەتی حەڵاڵ و حەرام لە خەیاڵدانی مرۆڤ ئامادە دەبێت. کاتێك قورئان دەفەرموێت

}وَأَنْ أَقِيمُوا الصَّلَاةَ} [الأنعام: 72]واتە: نوێژ ئەنجام بدەن. ئاشکرایە هەرکەس سەرپێچی بکات، ئەوە فرمانی خوای شکاندووە، هەرکەسێکیش فرمانی خودا بشکێنێت ئەوە گوناهبار و تاوانبارە، بەهەمان شێوە کاتێك پەروەرێن دەفەرموێت: { وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا } [الإسراء: 32]؛ نزیکی زینا مەکەون، هەرکەس ئەلف و بێی رێسا و یاساکانی زمانی عەرەبی بزانێت، تێدەگات کە ئەوە نەهیە، بەشێوەیەك ئەگەر بەو نەهیە پابەند نەبێت ئەوە حەرامێکی ئەنجام داوە، کەسێکیش نەهی خودا بشکێنێت و حەرام ئەنجام بدات ئەوە تاوانبارە، هەر لەسەر ئەو ئەساسەوە زانایانی أصولی فەرموویانە "الأمر يفيد الوجوب (محمد الزحيلى 2006، ل614)، والنهى يقتضى التحريم" (عبدالكريم النملة 1999، ل1449) داخوازی بۆ ئەنجامدان و واجب بوونە، نەهی کردنیش بۆ حەرامیە.

لەلایەکی تر هەر تێز و بیرۆکە و شیکاریەکی نوێ بخرێتە بەر باس و سەرنج و توێژینەوە، لەسەرەتاییترین رێکارەکانی بریتە لە گەرانەوە بۆ سەرچاوە زانستیەکانی تایبەت بە بوارەکە. کەچی شەحرور بە بێ گەرانەوە بۆ راوبۆچوونی زمانەوان و پسپۆرانی زمانی عەرەبی، بریار دەدات کە ئەمر واجب نیە و نەهی حەرام نیە، بگرە حەڵاڵ و حەرام سنوردار و دیاریکراون، جگە لەخودا هیچ کەسێکی تر مافی حەڵاڵ و حەرامی نیە، تەنها ئەوەندە شتە بە حەرام هەژمار دەکرێن کە لە قورئان هاتوون، تەنانەت پەیامبەریش مافی حەرامکردنی هیچ شتێکی نەبووە، بەڵکو تەنها مافی ئەمر و نەهی هەبووە.

لێرەدا دەپرسین: ئایا ئەو ئەمر و نەهیانەی پەیامبەر کردوونی سیفەتی –إلزام- پابەندبوونیان هەیە یان نا؟ لەکاتێك ئەگەر بروادارێك پابەند نەبوو بەو ئەمرە یان بەو نەهیە، تاوانبارە یان نا؟ ئەگەر بریاربێت ئەمر واجب نەبێت و نەهی حەرام نەبێت، تەنها مرۆڤ بە نەکردنی واجب و ئەنجامدانی حەرام تاوانبار بێت، کەوابێت ئەو کەسەی ئەمرەکە دەشکێنێت، یان نەهیەکە جێبەجێ ناکات هیچی لەسەر نیە و گوناهبار نیە، ئەی أطيعوا الله وأطيعوا الرسول، چی بەسەر دێت؟. ئاشکرایە (الأمر والنهى) دوو رێسایی زمانەوانی

ڕێزمانی عەرەبین، حەڵاڵ و حەرام دوو چەمکی شەرعین، بۆیە هەموو زمانی عەرەبی بگەڕێیت ڕێسایی حەڵاڵ و حەرام نابینیتەوە چونکە هەر لە ئەساسەوە پرسێکی زمانەوانی نین.

بۆ دەربازبوون لەو ئەزمەیە شەحرور هاتووە تێزێکی تری کێشاوەتە ناو ئەو هاوکێشەیە کە تەواو بابەتەکەی ئاڵۆز کردووە، کاتێك دەڵێت: سونەی ریسالە شتێکە و سونەی نەبەوی شتێکی تر، بەشێوەیەك سونەی ریسالە شوێنکەوتنی واجبە و سونەی نەبەوی تەنها بۆ ئیرشادە. سونەی ریسالەش تەنها درووشمە ئاینیەکان دەگرێتەوە کە بە ڕێگەی تەواتری کرداری گەیشتوون بە ئێمە (شەحرور 2008، ل41-42.(

دیسان ئەم ئینشانووسیەی شەحرور لەبری کردنەوەی گرێ کوێرەکان، چەند گرێیەکی تری زۆر ئاڵۆز دێنێتە بەرهەم، لە لاپەرەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکرد کە شەحرور پێی وایە کتێبەکانی کەلەپووری ئیسلامی لە پێشی هەموویانەوە صیحاح و مەسانید هیچ سوودیان نیە و نابێت گوێیان بۆ بگیردرێت، کەوابێت شەحرور دە پێمان بڵێ تەواتری کرداری مانای چیە و چۆن ئەنجام دەدرێت؟، ئەو دروشمە ئاینیانە چین کە بە تەواتر جێگیر بوون؟، لەکاتێك ئەو فاتیحایەی ڕۆژانە لە (17) رکاتی نوێژە فەرزەکان دەخوێنرێت، بە تەواتر جێگیر نەبووە، چ جای سونەت و هەیئات و تەکمیلاتی نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات کە شەحرور بە درووشمە خواپەرستیەکان هەژماریان دەکات، ئەمە لە حالەتێك ئەگەر تەواتر بەو مانایە وەربگرین کە لە کەلەپووری ئیسلامی ناسراوە، ئەگەر مەبەستیشی ئەم تەواترە نەبێت کە أصولی و فەرمووودەناس و شەرع زانان باسی دەکەن، ئەوە جگە لە جەنابی ئەندازیار کێ دەزانێت ئەو تەواترە چیە؟.

پاشان دەڵێت: "دەرەنجام هەموو فەتواکانی تایبەت بە حەرامکراوەکان هیچ بەهایەکیان نیە ئەگەر ژمارەکەشیان بە سەدان بێت. بەڵام جگە لە الله، هەر لە پەیامهێنەرانەوە تا دەگاتە دەستەکانی یاسادانان، تەنها (تأمر وتنهی) فرمان و ڕێگری ئەنجام دەدەن ."

ئاشکرایە فەتواکانی تایبەت بە شتە تازەکان و هەڵسەنگاندنیان لەچوارچێوەی یاسا زانستیە ئیسلامیەکان، لێژنەی فەتوا بە یەکێك لە حەرام، حەڵاڵ، ناپەسەند، مەندوب، موباح، دادەنێت، دیارە هەر یەکێکیش لەمانە بابەتی پاداشت و سزای لەسەر جێ بەجێ دەبێت، ئاشکرایە ئەم یاسایانەش هەر بە هەوا و هەوەس دانەنراون، بەڵکو دوای دیراسە و ئیستقرای دەقەکانی قورئان و فەرمووده دارێژراون. کەواتە ناکرێت کارێك حەرام بێت بەڵام سزای و دونیای و قیامەتی لەسەر نەبێت، هەروەك ناگونجێت واجب پاداشتی بە دواوە نەبێت، بەلام دیارە لە شانۆگەریەکەی شەحرور، ئەمر و نەهی تایبەتن بە دەسەلاتەکانی یاسا دانان و پەیوەندیەکیان نیە بە حەڵاڵ و حەرام و پاداشت و سزا .

لەلایەکی تر، بە پێی قسەکەی شەحرور، ئەگەر پەرلەمان بریار بدات لەسەر یاساغ نەکردنی خواردنەوە کحولیەکانی دروست نەکراو لە خورما –کە لەقورئان ناوی بە حەرامکراو هاتووە- ئەوە خواردنەوە و مامەڵە پێکردنیان ئاساییە و هیچ گوناە و تاوانێکی لەسەر جێ بەجێ نابێت، چونکە لە قورئان بە حەرام ناوی نەهاتووە، بۆیە دەچێتە خانەی دەسەڵاتی پەرلەمانی یاسادانەر، کەواتە بەهیچ شێوەیەك ناچێتە خانەی حەڵاڵ و حەرام، بۆیە وەك خۆی فەرمایش دەکات: " هەموو فەتواکانی تایبەت بە حەرامکراوەکان هیچ بەهایەکیان نیە ئەگەر ژمارەکەشیان بە سەدان بێت." ئەمە جگە لە ئینحراف و لادان و مەهزەلە و کۆمیدیا زیاتر چی پێ دەوترێت؟؟.

برگەی چوارەم: نەبوونی تەرادووف: سەرەکیترین بابەتی زمانەوانی لای شەحرور بریتیە لە رەتکردنەوەی بوونی تەرادووف لە قورئانی پیرۆز، سەبارەت بەو پرسە دەڵێت: "(التنزيل الحكيم) خاڵیە لە تەرادووف، هاو واتایی لەنێوان ووشە و پێکهاتەکانی قورئاندا بوونی نیە. بەهیچ شێوەیەك (اللوح المحفوظ) بە مانای (الإمام المبين) نایەت، هەروەك (الأولاد) بەمانای (الأبناء) و (فؤاد) بەواتای (القلب) نایەت..." (شەحرور 2000، ل189-190). بەڵکو هەریەکێك لەوانە واتای جیا و تایبەت بە رەگ و بنەچەی خۆیان هەیە .

شەحرور هەر لەیەکەم بەرهەمیەوە پاڵپشت بە بۆچوونی هەر سێ زمانەوانی بەناوبانگ (ابن فارس، ابن جنی، عبدالقادر الجرجانی) ئەو بانگەشەیە دەکات، بەتایبەت ابن فارس، کتێبی (معجم مقاييس اللغة) بە گونجاوترین کتێب لەو بوارەدا هەژماردەکات (شەحرور 1990، ل44). بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجی زمانەوانانە ووشەکان لە فەرهەنگە زمانەوانیەکەی شەحرور مانا ناسراو و مەدلولەکانی خۆیان نادەن بەدەستەوە، بەڵکو ئەومانایانە دێننە بەرهەم کە شەحرور خۆی بەدڵیەتی و بەپەسەندیان دەزانێت (یوسف الصيداوی، ل26)، بەبێ گوێ دانە ئەوەی کە ئەو مانایە دەچێتەوە سەر رەگی ووشەکە یان نا؟، ئایا لەگەل یاسا و ڕێسکانی زمانی عەرەبی دەگونجێت یان نا –تەنانەت لەلایەن ئەوانەی بەخۆشی بە گونجاویان دەزانێت، وەك ابن فارس و ابن جنی و الجرجانی-؟.

شەحرور پێی وایە دوو ووشە لە قورئان بەیەك واتا نایەن، هەروەك ناکرێت جگە لەدوو وشەی جیاواز لە رووی پێکهاتە و ناوەرۆك عگف بکرێنەوە سەر یەك، بۆ نمونە کاتێك دەڵێت: الکتاب والقران، ئەوە کتاب شتێکە و القران یش شتێکی تر، بەهیچ شێوەیەکیش بە هاو واتا نایەن، چونکە "فی اللسان العربی لا تعطف إلا المتغایرات أو الخاص علی العام"، هەروەها لەشوێنێکی تر دەڵێت: "أن اللسان العربی لسان لا یوجد فیە ترادف، وأن المترادفات لیست أکثر من خدعة" (شەحرور 1990، ل57.(

هەر لەسەر ئەو بنەمایە کۆمەڵێك تێزی نامۆی وروژاندووە، کە زۆربەیان سەقەت و مانا و حوکمی نامۆ و شاز دەدەن بەدەستەوە. ئینجا بابزانین، کامە قسە فروفێڵە؟ ئەو بۆچونەی پێی وایە تەرادوف هەیە یان بۆچوونەکەی شەحرور؟ ئەو تەرادوفە چیە کە شەحرور بانگەشەی نەبوونی دەکات و لەکوێی زمانی عەرەبی جێگەی دەبێتەوە؟ چ دەرەنجامێك دەدا بەدەستەوە؟.

ئەسل لەتێکرای زمانەکان بریتیە لەوەی کە هەر وشەیە و مانایەکی تایبەت بە خۆی هەبێت، بەڵام زۆرجار بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار چەند ووشەیەك مانای شتێك دەدەن بەدەستەوە، بۆ نمونە لەعەرەبیدا: السیف والمهند والحسام، بەمانای شمشێر دێن. لە کوردی: بەرد، گاشە، کوچکە، واتای بەرد دەبەخشن. بۆیە دەگێرنەوە کە (ئەبو عەلای موعەری) دەچێتە لای (شەریفی رەزا)، بەهۆی قەرەباڵغیەوە لە پیاوێك هەڵدەنگوێ، کابراش دەڵێت: ئەوە چ سەگێك بوو؟، ئەبو عەلاش دەڵێت: سەگ ئەو کەسەیە کە نازانێت سەگ 70 ناوی هەیە (شهاب الدین الحموی 1993، ج1، ل302.(

زمانەوانانی زمانی عەرەبی سەبارەت بە بوونی تەرادوف لە زمانی عەرەبی بوون بە دوو بەشەوە، بەشێوەیەك هەر یەکە لە (سیبویە، الأصمعی، ابن خالویە، المعری، ابن یعیش...هتد)، پێیان وایە کە تەرادوف هەیە، بۆ سەلماندنی بۆچونەکەیان دەیان نمونە دەخەنە روو، وەك (کلب، سیف، جمل، حیە..) کە هەریەك لەم ووشانە دەیان ناوی جیایان هەیە. هەندێکی تر لە زانا زمانەوانیەکانی وەك: (محمد بن زیاد الأعرابی، أحمد بن یحی، ثعلب، ابن فارس، أبو هلال العسکری...هتد)، ئینکاری هەبوونی تەرداوف لە زمانی عەرەبی دەکەن (عوسمان محمد غریب 2011، ل23-25)، بەڵام دەرەنجامی قسەکەی ئەوانەی دەڵێن تەرادوف نیە لەگەل شەحرور سەدا سەد پێچەوانەی یەکترن، لەکاتێك هەردوولا ئینکاری بوونی تەرداوف دەکەن، چۆن؟؟

شەحرور پێی وایە، تەنها دوو شتی جیاواز لە واتا عەتف دەکرێنەوە سەر یەك، القران والفرقان، واتە: قورئان شتێکە و فورقان شتێکی ترە و دووشت و پێکهاتەی جیاوازن.

بەڵام (ابن فارس) و زانایانی هاورایی پێیان وایە، تەرادوف بوونی نیە، بەو واتایەی کە دوو ووشەی جیاواز لەرووی پیت، بەڵام 100% مانایان یەك بێت، بەڵکو یەکێکیان ناوە –إسم- ئەوەی تریان ئاوەڵناوە –صفە-، واتە: کاتێك دەڵێن: القران والفرقان، ئەوە القران ناوی ئەو پەرتوکەیە کە لەلایەن خوداوە دابەزێنراوە، هەروەها الفرقان سیفەتی قورئانە، واتە هەردووکیان مانای قورئان دەدەن، بەڵام یەکەمیان ناوە، ئەوەی تر ئاوەڵناوە .

حەرفیەن پێشەوا سیوگی لە ابن فارس ئەم بابەتە بەم شێوەیە دەگوازێتەوە: " یُسَمّی الشيء الواحدُ بالأسماء المختلفة نحو السیف والمُهَنَّد والحُسام ، والذي نقوله في هذا أن الاسم واحدٌ وهو السیفُ وما بعده من الألقاب صفاتٌ" (السیوطی 1998، ج1، ل317)، واتە: یەك شت بە چەند ناوی جۆراو جۆر ناودەنرێت وەك: (السیف، المهند، الحسام) بە شمشێر دەوترێن، بەڵام ئەوەی ئێمە بەراستی دەزانین هەر شتە و یەك ناوی هەیە بۆ نمونە لێرەدا (السیف)، نازناوەکانی تر بە ئاوەڵناو هەژمار دەکرێن. کەواتە (السیف، المهند، الحسام) هەر سێ ووشەکە هەر مانای شمشێر دەدەن بەدەستەوە، بەڵام یەکیان ناو ئەوانی تر ئاوەڵناون، کەچی لای شەحرور (السیف) شتێکە و (المهند) شتێکی تر، (الحسام) شتی سێیەمە چونکە تەرادوف بوونی نیە.

ئەوەی زانراوە ئەو موصحەفەی لەبەردەستی ئێمەیە پێی دەوترێت: القران. هەریەکە لە (الذکر، الفرقان، النور، الکتاب، الحکیم) ئاوەڵناون بۆی، هەر یەکە و بە ئیعتبارێك. ئەمە لەسەر بۆچوونی ئەوانەی پێیان وایە کە تەرادوف نیە، لەسەر رایی ئەوانەی باوەریان بە بوونی تەرادوف هەیە ئەوە هەر پێنجیان ناون بۆ قورئان. دەرەنجام هەردوو بۆچوونەکە یەکدەنگن کە پێکهاتەی هەر پێنجیان یەکسانە، بەشێوەیەك (القران = الذکر= الحکیم= النور). بەڵام لای شەحرور، (القران) یەکسان نیە بە (الذکر)، هەروەك (الکتاب) یش یەکسان نیە بەوان، چونکە تەرادووف لە زمانی عەرەبی بوونی نیە (شەحرور 1990، ل212-213.(

بابچینە خزمەت قورئان بزانین دەرەنجامی تێزەکەی شەحرور بەکوێ دەگات سەبارەت بەو پرسە. لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد کە شەحرور دەڵێت: "أن اللسان العربی لسان لا یوجد فیە ترادف، وأن المترادفات لیست أکثر من خدعة (هەمان سەرچاوە)، "فی اللسان العربی لا تعطف إلا المتغایرات أو الخاص علی العام" (هەمان سەرچاوەی پێشوو). کەواتە: تەرادوف نیە، باوەربوون بە تەرادوف فێل و فرتە، تەنها ووشەی لەیەك جیاواز، یان خاص لەسەر عام عەتف دەکرێنەوە سەر یەکتر .

ده‌ره‌نجامی قسه‌كه‌ی شه‌حرور ئه‌مه‌یه كه ناكرێت دوو وشه به‌دوای یه‌ك بێن و یه‌ك مه‌دلولیان هه‌بێت، ده‌بێت هه‌ریه‌كه و مه‌دلولی تایبه‌ت به‌خۆی هه‌بێت، كه‌واته: (القران والذكر) جیان، (الكتاب والقران) له‌یه‌ك جیاوازن. كه‌واته: (الرحمان والرحیم) له‌یه‌ك جیاوازن، (الأول والآخر) له‌یه‌ك جیاوازن به‌م شێوه‌یه.

كه‌واته تێزه‌كه‌ی شه‌حرور جیا له‌وه‌ی به فێل و ته‌ڵه‌كه به‌كاری هێناوه، بوختانیشی به‌ده‌م هه‌رسێ زانای پایه‌به‌رز (ابن فارس، ابن الجنی، عبدالقادر الجرجانی) كردووه، سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی كه قسه‌كه‌شی سه‌ر ئه‌كێشێت بۆ شیرك و بریاردانی چه‌ندین خودا، ئه‌مه‌ش دارمانی تیۆریه‌كه‌ی شه‌حرور ده‌سه‌لمێنێت .

بۆ ئه‌وه‌ی روونتر داروخانی تیۆریه‌كه‌ی شه‌حرور ئاشكرابێت، چه‌ند ئایه‌تێكی قورئانی شیكار ده‌كه‌ین، بۆ نمونه: {هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَالِمُ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ هُوَ الرَّحْمَنُ الرَّحِيمُ (22) هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ السَّلَامُ الْمُؤْمِنُ الْمُهَيْمِنُ الْعَزِيزُ الْجَبَّارُ الْمُتَكَبِّرُ سُبْحَانَ اللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ } [الحشر: 22، 23]، به‌پێی قسه‌كه‌ی شه‌حرور بێت، (الملك) له (القدوس) جیایه، (السلام) له‌هه‌ردووكیان جیایه، (المؤمن) له‌هه‌ر سێكیان ، (المهیمن) له‌هه‌ر چواریان، (العزیز) له‌هه‌ر پێنجیان، (الجبار) له‌هه‌ر شه‌شیان، (المتكبر) له‌هه‌ر حه‌وتیان. كه‌واته (الله) له‌هه‌ر حه‌وتیان جیاوازه، ده‌ره‌نجام، ته‌نها راڤه‌كردنی یه‌ك دانه ئایه‌ت له‌ژێر رۆشنایی ئه‌م قسه‌یه‌ی شه‌حرور: " اللسان العربی لسان لا یوجد فیه ترادف" سه‌ری كێشا بۆ هه‌شت خودای جیاواز، معاذ الله.

له‌ریوایه‌تی فه‌رمووده هاتووه، ئه‌و كاته‌ی په‌یامهێن (د.خ) له‌ژێر كابه‌ی پیرۆز هاواری له (الله + الرحمن) ده‌كرد، هاوبه‌ش په‌یداكه‌ران ووتیان: چ جیاوازیه‌ك له نێوان (الله، الرحمن) هه‌یه، له‌گه‌ڵ (اللات والعزی) ئێمه پێمان وایه دوو خودا هه‌یه، موحه‌ممه‌دیش هاوار له دوو خودا ده‌كات (جلال الدین المحلی، ل378)، بۆیه قورئان فه‌رمووی: { قُلِ ادْعُوا اللَّهَ أَوِ ادْعُوا الرَّحْمَنَ أَيًّا مَا تَدْعُوا فَلَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى وَلَا تَجْهَرْ بِصَلَاتِكَ وَلَا تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا } [الإسراء: 110]، واته: پێیان بلێ بانگی الله یان رحمان بكه‌ن، به‌هه‌ریه‌ك له‌و ناوانه بانگی بكه‌ن ئه‌وه خودا خاوه‌نی ناوه جوانه‌كانه. تیۆری (أسماء الله الحسنی) هه‌ر له‌مه وه‌رگیراوه، كاتێك خودا ده‌فه‌رموێت: {وَلِلَّهِ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى فَادْعُوهُ بِهَا } [الأعراف: 180]، {اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى } [طه: 8]، {لَهُ الْأَسْمَاءُ الْحُسْنَى} [الحشر: 24].   دیاره له‌م ئایه‌تانه "الأسماء الحسنی" كۆڵه‌گه‌ی بابه‌ته‌كه‌مانه، هه‌ر سێ ئایه‌ت به‌ڵگه‌ی روون و ئاشكران كه خودا زیاد له ناوێكی هه‌یه، چونكه (الأسماء) كۆیه، ئه‌مه‌ش سه‌لمێنه‌ری ئه‌و راستیه‌یه كه ته‌رادوف له زمانی عه‌ره‌بی هه‌یه (به‌و واتایه‌ی كه یه‌كێك ناو و ئه‌وه‌ی تر ئاوه‌ڵناو بێت)، چونكه لێره‌دا مه‌دلول یه‌كه كه الله، به‌ڵام الدال زیاد له دووان وسێیانه، چونكه هه‌ر یه‌ك له (الملك، القدوس، السلام، المهیمن، العزیز، الجبار، المتكبر، الخالق، الباریء، المصور) ناوی خودان، كه‌واته هه‌ر هه‌موویان مورادیفن و هه‌ریه‌ك له‌وانه یه‌كسانه به الله. چونكه هه‌ركه‌س بلێت وانیه ئه‌وه هاوبه‌شی بۆ خودا بریارداوه .

له‌شوێنێكی تر پاساوی ره‌تكردنه‌وه‌ی ته‌رادووف ده‌خاته روو، كه گوایه زمانیش وه‌ك باقی زانسته‌كانی تر پێشكه‌وتنی سه‌رسورهێنه‌ری به‌خۆیه‌وه بینیوه، به‌ڵام ئه‌وه زانایانی ئاینیین عه‌قلیان به‌و پێشكه‌وتنه ناشكێت، ئه‌وكه‌سانه‌ش به كۆنه په‌رست هه‌ژمارده‌كات كه باوه‌ریان به ته‌رادوف هه‌یه و ده‌ڵێت: "ئه‌وكه‌سه‌ی ده‌ڵێت وشتر 50 ناوی هه‌یه، ئه‌وه ته‌نها خۆی له قۆناغی پێش رووتبونه‌وه‌ی كۆتایی (التجرید النهائی) زمانه‌وانی ده‌بینێته‌وه، كه سه‌ره‌تایی بوونی زمان نیشان ده‌دات، بۆیه ئێستا ئێمه كار به‌و قسه‌یه ناكه‌ین" (شه‌حرور 2008، ل31 ).

ده‌ی كه‌واته ئه‌م قسه‌یه به‌و ره‌هایه ده‌ره‌نجامی هاوبه‌ش په‌یداكردن ده‌دا به‌ده‌سته‌وه، له‌لایه‌كی تر نیوه‌ی راستیه‌كه –وه‌ك هه‌میشه- ده‌شارێته‌وه. شه‌حرور دان نانێت كه ئه‌و زانایانه‌ی باوه‌ریان به ته‌رادوف نیه، ده‌ره‌نجامی قسه‌كه‌یان ئه‌وه‌یه كه ووشتر (1) ناو و (49) ئاوه‌ڵناوی هه‌یه، راسته‌وخۆ ئه‌وانی ته‌نها له‌م برگه‌یه كێشاوه‌ته به‌ره‌ی خۆی، هه‌ربه‌ته‌نها ئه‌وه‌نده به‌سه كه ده‌ڵێن ته‌رادووف نیه، ئیتر شه‌حرور باس له‌و ته‌رادوفه ناكات كه ئه‌وان باوه‌ریان پێبووه، به‌ڵكو ئه‌وه شی ده‌كاته‌وه كه خۆی قه‌ناعه‌تی پێی هه‌یه، كه ده‌ره‌نجامه‌كه‌ی ئه‌وه‌یه (15) خودا یان زیاترمان بۆ به‌رهه‌م دێنێت.

سه‌باره‌ت به برگه‌ی دووه‌می قسه‌كه‌ی شه‌حرور، كه ده‌ڵێت: "فی اللسان العربی لا تعطف إلا المتغایرات أو الخاص علی العام" (شه‌حرور 1990، ل57)، ده‌ره‌نجام هه‌ركات یه‌كێك له پیته‌كانی عه‌تف كه‌وته نێوان دوو ناو ئه‌وه دووشتی له‌یه‌ك جیان، واته مه‌دلولیان جیایه، خوێنه‌ری به‌رێز سه‌یری ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه بكه، ﭐ قم كج كح كخ كلﱠ الحدید: ٣، پیتی (واو)ی عه‌تف كه‌وتۆته نێوان هه‌ر چوار ووشه‌ی (الأول، الآخر، الظاهر، الباطن) واته هه‌ر چواریان له‌یه‌ك جیاوازن، ده‌ی كه‌واته خوایه‌كمان هه‌یه (الأول) یه‌كێكی تر (الاخر)، سێیه‌میان (الظاهر)، چواره‌میان (الباطن)، ئێستا هیچ گومانێك ماوه بیخه‌ینه روو له‌سه‌ر دارمانی تێزه‌كه‌ی شه‌حرور له‌سه‌ر نه‌بوونی ته‌رادوف له زمانی عه‌ره‌بی؟.!!!

ئەمە سەبارەت بە تێزەکەی شەحرور، بەڵام ئەگەر لە دیدگای ئەو زانایانی زمانەوان سەیری بابەتەکە بکەین، بۆچوونی یەکەم کە پێی وایە تەرادوف لە زمانی عەرەبی هەیە، ئەوە هەر یەك لە (الله، الرحمن، الرحیم، الخالق...) هەموویان ناوی خودای پەروەرێنن، هەریەکە بە ئیعتبارێکی جیا. بۆچوونی دووەم کە پێی وایە تەرادوف نیە، بەڵام یەکێك ناوە و ئەوەی تر ئاوەڵناو، ئەوە پێیان وایە کە (الله) ناوی خودایە، هەریەك لە (الرحمن، الرحیم، الخالق...) ئاوەلناون، بەڵام هەموویان بەیەکەوە یەك مەدلولیان هەیە کە زاتی الله یە.

سەبارەت بە عەتفی خاص لەسەر عام ئەمەش تەدلیسی تێدایە، چونکە نیوەی راستیەکەی شاردۆتەوە، ئەوەی تۆزێك لە رێساکانی زمانی عەرەبی شارەزا بێت، دەزانێت چۆن خاص بۆ سەر عام عەتف دەکرێت، ئەوهاش عام بۆسەر خاص عەتف دەکرێت، بۆ نمونە: { قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ } [الأنعام: ١٦٢]، لەم ئایەتە پیرۆزەدا (نسکی) بە پیتی عەتف (واو) عەتفکراوەتەوە بۆ سەر (صلاتی) ئاشکرایە (الصلاة) بەشێکە لە (النسك)، کەواتە عەتفی عام کە -النسك- لەسەر خاص کراوەتەوە کە -الصلاة- (الصیداوی، ل66) بەمەش کۆتا بەشی تێزە زمانەوانیەکەی شەحرور بەرەو ئاقاری داروخان و دارمان و هەرەس دەچێت، دەرەنجام تاقە شتێکی راست دەرنەچوو لە تێکرایی ئەو تیۆریەی سەبارەت بە نەبوونی تەرادووف بانگەشەی بۆ دەکات.

سەرەرایی سەقەتی تێزەکەی شەحرور سەبارەت بەم پرسە، ئەوە لەرووی تەتبیقات و راڤەی ئایەتەکان تووشی سەر لێشێواویەکی گەورە و کەمەر شکێن بۆتەوە، بەشێوەیەك لە دەیان شوێن ووشە قورئانیەکانی بە ووشەی تر هەژمارکردوون، واتە وەك بۆچوونی ئەو زانایانە مامەڵەی لەگەل دەقەکان کردووە، کە پێیان وایە تەرادووف هەیە، تەنها جیاوازیەکەی ئەو ئەوەیە کە بەبێ مەنهەجی تێکەوتووە و بەکەیفی خۆی یاری بەووشە دەکات و هەر ساتەی لەسەر پەتێك سەما دەکات، لەخوارەوە چەند نمونەیەك لە شانۆ کۆمیدیەکەی جەنابی ئەندازیار دەخەینە روو کە چۆن کار بە یاسای بوونی تەرداووف دەکات .

لەرووی کرداریەوە شەحرور لە یەکەم بەرهەمیدا ووشەی کتاب بە سێ ووشەی تر راڤە دەکات، دەڵێت: "وعندما نقول: أصدر رئیس الوزراء كتاباً نقصد به المعنى (الموضوع) لا الخط...وعلینا أن نقول كتاب الفیزیاء للصف العاشر مثلا، أي هذا الكتاب یجمع مواضیع فیزیائیة بعضها إلى بعض، ...وعندما نقول الصلاة كتاب فهذا یعني أن الصلاة هي من المواضیع التعبدیة" (شەحرور 1990، ل52)، تەنها لەم سێ دێرەدا، جارێك کتاب = الموضوع، جارێك یەکسانە بە مواضیع، جارێکی تر (الكتاب = من مواضیع تعبدیة)، شەحرور ئایە ئەمە تەرادووف نیە؟؟؟.!!!

لەشوێنێکی تر دەلێت: "التشریع هو الأحكام. والأحكام هی الآیات التی..." (شەحرور 2000، ل81)، هەروەها دەلێت: "كف الید هو المنع ولیس الكف التی تتفرع منها الأصابع" (سەرچاوەی پێشوو، ل103). لەم برگەیەی دوایی دوو راستیمان پێ دەڵێت، یەکەم کف الید = المنع، کە ئەمە سەدا سەد دان نانە بە تەرادووف. دووهەم هیچ ووشەیەك دەلالەت لەسەر مانا و واتایی تایبەت بەخۆی ناکات، کە لەلای عەرەب زانراوە، یان لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی هاتووە، بەڵکو ئەو مانایە ئەدات بەدەستەوە کە شەحرور خۆی بە ئارەزووی خۆی بە سیفەتی ئەندازیاری بۆی دا دەتاشێت، هەر ئەمەشی پەیرەو کردووە لەتێکرای پەرتووکەکانی، بۆیە ئەگەر بەوردی بەدوای شیکاری بابەتەکانی ووردبیەوە، بۆت دەردەکەوێت کە تێزە نازانستیی نابابەتیەکانی سەری زارۆی ساوا سپی دەکەن، چونکە نەوەك هەر بە خوێندەوەیەکی هاوچەرخ هەژمار ناکرێن وەك خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، بگرە کارەساتێکی زمانەوانی و زانستی و فەزاحەتێکی هاوچەرخن.!!!

برگەی پێنجەم: ئەرکانەکانی ئیسلام و ئیمان: سەبارەت بە پایەکانی ئیسلام و ئیمان، شەحرور پێی وایە "باوەرهێنان بەخوا و بەرۆژی دوایی" بریتین لە پایەکانی ئیسلام. پایەکانی باوەریش بریتین لە نوێژوو رۆژوو و زەکات و حەج، بۆیە دەڵێت: "باوەرهێنان بە خوا و رۆژی دوایی بریتیە لە ناسنامەی چونە ناو ئیسلامەوە، ئیسلام لەسەر ئەم سەلمێنراوانە دا ئەمەزرێت...سەری ئیسلام بریتیە لە شایەتی هێنان و ووتنی (لا إله إلا الله) {قُلْ إِنَّمَا يُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَهَلْ أَنْتُمْ مُسْلِمُونَ} [الأنبیاو: 108]، بەلام شایتی دان بە پێغەمبەرایەتی موحەمەد (أشهد أن محمدا رسول الله) بریتیە لە سەر و بناغەی باوەر، شوێنکەوتەکانیشی بریتین لە موسڵمان و باوەردار، بەشێوەیەك تێکرای کردەوەکانی تایبەت بەم بەشەی دوایی تایبەتن بە شوێنکەوتەکانی پەیامی موحەمەد (د.خ) کە جگە لەوان کەسی تر هەلناستێت بە ئەنجامدانی، وەك: پێنج نوێژەکان، بەرۆژووبونی رەمەزان، رێژەی زەکات، نوێژی مردوو، بەشێوەیەك ئەمانە بریتین لە درووشمەکان کە بریتین لە پایەکانی باوەر نەوەك پایەکانی ئیسلام، بۆیە داهێنان و بیدعەکردن تێیدا شیاوی قەبوڵکردن نیە، بەمشێوەیە بۆمان روون دەبێتەوە کە دوو جۆر باوەرهێنانمان هەیە: یەکەم باوەرهێنان بەخوای تاقانە کە ئەمە ئیسلام و موسولمانان دەگرێتەوە، دووەم بریتیە لە باوەرهێنان بە پەیامهێن کە ئەمەش باوەر و باوەرداران لەخۆدەگرێت...

ئیسلام هەمیشە پێش باوەر دەکەوێت، لەسەر هەردووکیشیان مرۆڤ پاداشت وەردەگرێت. بەم پێیەی کە ئیسلام ئاینی تێکرای مرۆڤایەتیە، تاکە ئاینە کە خودا لەبەندەکانی وەردەگرێت، هەروەك ئاینی تەریبە لەگەل سروشت و فیترەتی مرۆڤ، کە بە نوح دەستپێدەکات و بە موحەمەد کۆتایی دێت. بەڵام پایەکانی باوەر رێك دژی فیترەت و سروشتی مرۆڤن بۆنمونە رۆژووی رەمەزان و پێنج نوێژەکان. هەربۆیە مرۆڤ ناتوانێت ئەنجامیان بدات مەگەر کەسێك فرمانیان پێبکات و هیدایەتیان بدات. بۆیە خودا سەبارەت بە ئیسلام و ئیمان دەفەرموێت: {يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُلْ لَا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُمْ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ} [الحجرات: 17]، بۆیە گرنگترین چاکسازی رۆشن هزری کە پێویستمانە بریتیە لە راستکردنەوەی پایەکانی ئیسلام و پایەکانی ئیمان، چونکە تاوەکو ئێستا پایەکانی ئیمان لەشوێنی پایەکانی ئیسلام دانراون و هەژمارکراون، کە بەم هۆیەوە کەوتوینەتە قەیرانێکی رۆشن هزری و رەوشتی زۆر گەورە، چونکە رەوشت و بەها بەرزە مرۆڤایەتیەکان لەبنچەدا بوونیان نیە لە پایە هەڵبەستراوەکانی ئیسلامدا (واتە ئەو ئەرکانانەی کە لە توراسی ئیسلامیدا بونیان هەیە کە بریتین لە (شایەتمان، نوێژ، رۆژوو، زەکات، حەج)، چونکە ئیسلام فیترەتە و ئیمانیش تەکلیف" (شەحرور 2008، ل9.(

بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێت هەموو ئەو کەسانەی دەڵێن: (أشهد أن لا إله إلا الله)، هەروەها باوەریان بە رۆژی دوایی هەیە، ئەوە موسوڵمانن، بۆ ئەو مەبەستەش ئایەتی ژمارە (108) سورەتی الأنبیاو بە بەڵگە دەهێنێتەوە، دیارە ئەمەش تەدلیسێکی گەورەی تێدایە، چونکە ئایەتی (107) هەمان سورەت باس لە پێغەمبەرایەتی پەیامبەر دەکات و دەفەرموێت: ﴿ كا كل كم كى كي ﴾ الأنبیاو: ١٠٧، لەئایەتەکەی دواتریش کە شەحرور ئاماژەی بۆ دەکات، ئەمەی تێدایە: (قل إنّما یوحی إلیّ) واتە: پێیان بڵێ کە سروشم بۆ هاتووە. ئینجا بابەتی دووەم دێتە گۆرێ کە لەهەمان ئایەت ئاماژەی پێدەدات: (أنّما إلهکم إله واحد) کەواتە دەبێت مرۆڤ سەرەتا باوەر بەوە بهێنێت کە موحەممەد پەیامهێنی هەموو مرۆڤایەتیە و لەلایەن خودا سروشی بۆ هاتووە کە جگە لە الله کەسی تر پەروەرێنی جیهانیان نیە، دوای باوەرهێنان بەمانە (موحەممەد پەیامهێن و رەسولە، وەحی بۆ هاتووە، خودا تاقانەیە) ئینجا دەچێتە خانەی ئیسلام، نەوەك باوەرهێنان تەنها بەخودایی تاقانە بەبێ باوەرهێنان بە موحەممەد و ناساندنی وەك پەیامهێنی خودا بریتی بێت لە هاتنە ناو بازنەی ئیسلام.

ئاشکرایە بەمەرج گیراوە بۆ زانستی و بابەتی بوونی هەر راڤەیەکی دەقەکانی قورئان رەچاوکردنی هەر سێ بنەمای (سباق، سیاق، لحاق)، واتە: ئایەتی پێشووتر و سیاقی ئایەتەکە و ئایەتی دواتری، بەدابرکاری هەر یەکێك لەم سێ لقانە ئەوە راڤەیەکی سەقەت و هەڵە بەرهەم دێت، وەك ئەوەی شەحرور بە نمونە.

ئینجا بۆ رزگار بوون لەو بابەتە شەحرور هاتووە ئایەتی: ﴿ لح لخ لم له مج ﴾ الواقعه: ٧٥

وا راڤەکردووە، کە مەبەست لە (مواقع النجوم) تاکە تاکەی ئایەتەکانی قورئانە، واتە نێوانی هەردوو ﴿ ﴾، نەوەك شوێنی ئەستێرەکانی ئاسمان (شەحرور 1990، ل199)، بۆیە شەحرور بە پێویستی دەزانێت کە ئایەتەکان تاك تاك و بەتەنها راڤەبکرێن، بەبێ رەچاوکردنی (سباق، سیاق، لحاق)، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە، چونکە زۆرێك لە ئایەتەکانی قورئان ئەگەر لە (سباق، سیاق، لحاق)، دابربکرێن مانای پێچەوانە دەدەن بەدەستەوە، بۆ نمونە: ﴿ ئر ئز ئم ئن ﴾ الماعون: ٣ – ٤، بەپێی تێزەکەی شەحرور دەبێت ئایەتەکان بەجیا راڤەبکرێن، دەی سەیری ئایەتی ژمارە 4 بکە، کە دەفەرموێت: وەیل بۆ نوێژ خوێنان. کە 100% مانای پێچەوانە دەدا بەدەستەوە، بەهۆی دابرینی لە ئایەتی دوای خۆی کە شیکاری ئایەتی ژمارە 4 دەکات. ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر سەقەتی تێزەکەی شەحرور سەبارەت بە مواقع النجوم.

گریمان ئەگەر ئەم تێزەش راست بێت، هێشتا ئایەتی ژمارە 108 سورەتی الأنبیاو بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە تەنها باوەرهێنان بە خودا و بەرۆژی دوای پایەی ئیسلامن، چونکە خودی ئایەتەکە دان بە پەیامبەرایەتی موحەممەد دادەنێت، کە دەفەرموێت: (قل إنّما یوحی إلیّ) کەواتە تا ئەو ساتەی مرۆڤ بروا بە هەردوو بەشی شایەتوومان نەهێنێت نایەتە رێزی موسولمانان. بەڵام تێکرای ئەم تێزانە بۆ شەحرور جگە لە بابەتی نێرە بدۆشە شتێکی تر نیە. سەبارەت بە ئایەتی: {يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُوا قُلْ لَا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُمْ بَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ} الحجرات: ١٧، کە شەحرور وەك بەڵگەی سەلمێنەری بۆچونەکەی لەسەر پایەکانی ئیمان و ئیسلام هێناوەتەوە، دیسان چەواشەکاری تێداکردووە. چونکە ئایەتەکە روونە باس لە منەت کردنی موسولمانەکان دەکات بەسەر پەیامهێن کە ئیسلام بوون، واتە تەسلیم بوون کە نوێژوو و رۆژ و زەکات و حەج بکەن، بەڵام خودا منەتیان بەسەر دەکات کە هیدایەتی داون بۆ باوەرهێنان بە کۆمەڵێك شت کە نەبینراو و پەنهانن وەك باوەرهێنان بە خودا و رۆژی دوایی و فریشتەکان و ژیانی بەرزەخ و خۆشی و ناخۆشیەکانی دوای مەرگ، ئاشکرایە باوەرهێنان تەسلیم بوون بە راستی گەلێك کە بەر هەستەوەرەکانی مرۆڤ ناکەون زۆر قورسترە لە ئەنجامدانی نوێژوو رۆژوو، کەواتە ئیسلام بریتیە لەو کردەوانەی کە بەئەندامانی جەستە وەك

زوبان، دەست، قاچ..هتد ئەنجام دەدرێن، ئیمانیش تایبەتە بە باوەری جازمی دڵ و کردەوە قەلبیەکان. ئەمە راڤە راستەکەی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە نەوەك ئەو تێزەی شەحرور کە بە هەواو هەوەس بریاری لەسەر داوە.

شیاوی ئاماژە پێکردنە، کە چەندین ئایەتی قورئانی روون و رەوان و حاشا هەلنەگر هەن کە باوەرهێنان بە (خودا، رۆژی دوایی، فریشتەکان، پێغەمبەران، پەرتووکە ئاسمانیەکان، قەزا و قەدەر) بە پایەکانی باوەر هەژماردەکەن، بەڵام شەحرور خۆی لە قەرە نەداون وەك باقی تەدلیسەکانی تری بەسەریان رۆیشتووە، لەوانە{آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ } البقرة: ٢٨٥، {يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي نَزَّلَ عَلَى رَسُولِهِ وَالْكِتَابِ الَّذِي أَنْزَلَ مِنْ قَبْلُ} [النساء: 136]، {إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا (150) أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا } [النساء: 150، 151]، {وَمَا مَنَعَهُمْ أَنْ تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إِلَّا أَنَّهُمْ كَفَرُوا بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ} [التوبة: 54]، ئەمانە و دەیان ئایەتی تر، بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن کە سەلمێنەری ناراستی تیۆریەکەی شەحرورن، سەبارەت بە پایەکانی ئیمان و ئیسلام .

خوێنەری ئازیز بەوردی سەیری هەردوو ئایەتی ژمارە النساو: ١٥٠ – ١٥١ بکە، چۆن قورئان ئەو کەسە بەکافری حەقیقی هەژمار دەکات، کە باوەر بە یەکێك لە پەیامهێنانی خودا ناهێنێت، دەڵێت باوەرم بە هەندێك لە پەیامهێنەکان هەیە، بەڵام باوەرم بە هەندێکی تریان نیە. ئەم ئایەتە گاور و جولەکە و پەیرەوکارانی پەرتووکە ئاسمانیەکانی تر دەکاتە ئامانج، کە باوەریان بە خودا و رۆژی دووای هەیە، بەڵام باوەریان بە تێکرای پەیامهێنان نیە، دەی دەرەنجام قورئان لەم ئایەتە و چەندین ئایەتی تری هاوشێوە بە کافر هەژماری کردوون لە کاتێك کە باوەریشیان بە (خودا + رۆژی دوای هەیە) ئەمەش داروخێنەری تێزەکەی شەحرور دەسەلمێنێت.

بناغەی ئەم تێزەی شەحرور بۆ ئەوەیە کە بیسەلمێنێت، تێکرای پەیرەوکارانی پەرتووکە ئاسمانیەکیان دوای هاتنی موحەممەد بە ئیسلام و موسوڵمان هەژماربکات، تەنانەت ئەگەر باوەریشیان بە موحەممەد و پەیامەکەشی نەبێت، بۆیە ئیسلام تەنها لە باوەرهێنان بە (خودا + رۆژی دوایی) کورت دەکاتەوە، لبەشێك لە نوسینەکانیشی (کردەوەی چاکە)شی زیادکردووە، تاوەکو ئەوانیش لەخۆ بگرێت، هەروەها پایەکانی باوەر بە (نوێژوو، رۆژوو، زەکات، حەج) دەناسێنێت، گوایە ئەمانە تایبەتن بەو کەسانەی باوەریان بە پێغەمبەرایەتی موحەممەد –د.خ- هێناوە، بێ ئاگا لەوەی هەریەکە لەو درووشم و خواپەرستیانە لە ئوومەتەکانی پێش ئیسلامیش بوونیان هەبووە، کە رەنگە بە شەکل و شێوازێکی تر بووبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەهەمان ناو بونیان هەبووە، بۆ نمونە: نوێژ تەنها تایبەت نیە بە ئوومەتی موحەممەد، قورئان لەسەر زاری ئیبراهیم دەفەرموێت:

}رَبَّنَا لِيُقِيمُوا الصَّلَاةَ} إبراهيم: ٣٧، هەروەها سەبارەت بە نوێژوو زەکات، لەسەر زاری گەلی شوعەیب دەفەرموێت: {{قَالُوا يَاشُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَنْ نَتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا} [هود: 87]، هەروەها سەبارەت بە حەجی مالی خودا، قورئان دەفەرموێت: {وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ} [الحج: 27]، سەبارەت بە رۆژوو قورئان دەفەرموێت: يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ} [البقرة: 183]، ئەمە سەرەرایی بوونی دەیان فەرموودەی صەحیح لەسەر پایەکانی ئیسلام، کە بریتین لە: شایەتومان، نوێژ، رۆژوو، زەکات، حەج، بەڵام چونکە شەحرور باوەری بە فەرموودە نیە کە ئەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە، بۆیە بەتەنها پشتمان بەست بە ئایەتەکانی قورئان، کە ئەمەش بەتەواوەتی تێزی پایەکانی ئیسلام و ئیمان لە لای شەحرور دەروخێنێت و خاپوری دەکات .

دیارە ئامانجی شەحرور ئەوە کە بە دارشتنی بابەتگەلێکی لەم چەشنە هیچ پایەیەکی ئیمان و ئیسلام و تایبەتمەندی ئوممەتی ئیسلام بوونی نەمێنێت، هەروەها دەیەوێت باوەری تاکی برواداربەرامبەر هەموو شتەکان بخاتە گومانەوە، کە جگە لە بێباوەوەران کەسێکی تر لێی سوودمەند نابێت. لەلایەکی تر شەحرور بەو تێزە نامۆ و سەیر و سەمەرانە دەیەوێت بانگەشە بۆ ئەوە بکات کە یەهودو مەسیحی و کلدان و ئاشوری ...هتد هەموویان بە ئەهلی ئیسلام هەژمار بکات، لەکاتێك کە لە چەندین ئایەتی قورئان بیروباوەرە دەستکاری کراوەکانیان پوچەڵکراونەتەوە و بە موسوڵمان هەژمار نەکراون .

**4/ هەڵوێستی شحرور سەبارەت بە پەیامهێن، فەقیهەکان و ئەدەبیاتی ئیسلامی**

برگەی یەکەم: ئەرکی موحەممەد (د.خ): شەحرور دەڵێت: "موحەممەد (د.خ) موجتەهید بووە لە پێگەی پێغەمبەرایەتیدا (مقام النبوة) {لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ} [التوبە: 117]، هەروەها -مەعصوم- و بێ هەڵە بووە لە پێگەی پەیامهێنیەتیدا (مقام الرسالة) {يَاأَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ} [المائدە: 67]، بۆیە فەرموودە بەسەر دوو لق دابەش دەبێت: فەرموودەی پێغەمبەرایەتی، فەرموودەی پەیامهێنی، لە فەرموودەی پەیامهێنی یان پێغەمبەرایەتی بەرەهایی حەرامکراوەکان بوونیان نیە، بەڵکو تەنها بریتین لە فرمان یان رێگری کردن –الأوامر والنواهي-" (شەحرور 2008، ل28 .(

لەشوێنێکی تردا بە پوختی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە فەرموودەی پەیامهێنی تایبەتە بە دروشمە ئاینیەکان و بابەتەکانی ڕەوشت بەرزی و بەها مرۆڤایەتیەکان، ئەمە پێویستە شوێنی بکەوین و جێبەجێیان بکەین، هەروەها فەرموودەی پێغەمبەرایەتی تایبەتن بەو ئیجتهاداتانەی کە موحەمەد (د.خ) کردوونی لە پێگەی پێغەمبەرایەتی، کە وەك سونەتی باقی مرۆڤەکانی تر لەگۆڕاندایە و پێویست نیە برواداران شوێنی بکەون، چونکە تەنها بۆ سەردەمی خۆی بووە (شەحرور 2012، ل209.(

هەمان ئەو لێڵیەی سەبارەت بە بابەتەکانی نەگۆڕ و گۆڕاو لە ڕابردوو باسمان کرد لێرە دێتەوە بەر باس، سەرەرای ئەوەی کە شەحرور خۆی بڕیاریداوە کتێبەکانی صیحاح و مەسانید جگە لە زیان هیچ سوودیان نیە، دەی کەوابێت چۆن بزانین پەیامەکانی پەیامهێن ڕاست و دروستن کە تایبەتن بە قیەم و ئەخلاق و شەعائر؟ لەکاتێك بڕیاربوو کە زانستی جەرح و تەعدیل جگە لە زیان هیچ سوودێکی نەبێت، کە بریتیە لە بەردی بناغەی ساخکردنەوەی ڕشتەی فەرموودە. ئەمەش یەکێکی ترە لەو تێکگیرانانەی کە شەحرور تووشی هاتووە، ئەگەر بوترێت ئەوە لەڕێگەی تەواتری کرداری زانراون، دەبێت زۆربەی زۆری برواداران بیانزانن لە ڕێگەی باو و باپیران، دەی کەوایە پێویستە ووردیاتی ئەو فەرموودانە و بابەتە شەعائیریانە خەلك بیانزانێت، کەچی ئەگەر لە سایەی کتێبەکانەی صیحاح و مەسانید نەبێت، هیچ شتێك لەو بابەتانە نە دەگەیشتن بە جەنابی ئەندازیار هەتا بێت ئاوا تانە و تەشەریان لێبدات و سوکایەتیان پێبکات .

ئەوەندە بەسە بۆ ناساندنی بناغەی هەڵەیت و پەڵیتەکانی، لە لاپەرەیەك دەڵێت کتێبەکانی فەرموودە تەنها زیانیان هەیە، بێ شەرمانە لەلاپەرەی دووای دەکەوێتە ڕیزکردنی فەرموودەی قەولی بۆ سەلماندنی قسەکانی .

لەلایەکی تر شەحرور وا نیشان دەدات کە بەتەنها خۆی جورئەتی ئەوەی هەبووە کە تێکرای کردار و گوفتارەکانی پەیامبەر بە سەر هەر سێ بەشی (السنن النبوية، السنن الرسولية، السنن البشرية) دابەش بکات، لەکاتێك زانایانی أصولی زۆر پێش ئەو، هێلکاری فەرموودەکانی پەیامبەریان کێشاوە، بۆ نمونە قەرافی و ئیبن عاشور.

پێشەوا قەرافی لە کتێبی (الفروق) فەرموودە بەسەر چوار بەش دابەش دەکات، لەکاتێك ئیبن عاشور فەرموودەکان بەسەر (12) جۆر و بەش دابەش کردوون، کە ئەمانەن: "التشريع، الفتوى، القضاء، الإمارة، الهدي، الصلح، الإشارة على المستشير، النصيحة، تكميل النفوس، تعليم الحقائق العالية، التأديب، التجرد عن الإرشاد" (ابن عاشور 2001، ل212-230). کە بۆ هەریەکێك لەم (12) بەشە نمونە دێنێتەوە و گەنگەشەیان دەکات، جگە لەوەی کە لەبەشی تەشریع دەڵێت ئەم بەشەیان لەهەموویان فراوانترە و پشکی شێری بەردەکەوێت، چونکە لە پێناو تەشریع موحەممەد بە پەیامهێن نێردراوە، بەپێچەوانەی شەحرور کە پێی وایە بەشی تەشریع کەمترین پشکی بەردەکەوێت .

ڕاستە کە تێکرای فەرموودەکانی تایبەت بە هەر (12) بەشەکە سیفەتی هەتا هەتاییان نیە و بۆ گشت مرۆڤایەتی سیفەتی ئیلزامیان نیە، بەڵام هەرگیز ئەمە بەو واتایە نایەت کە شەحرور ئاماژەی بۆ دەکات کە تەنها فەرموودەکانی تایبەت بە (نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج + بەها بەرزەکان) سیفەتی ئیلزامیان هەبێت، سەرەرای ئەو هەموو دید لێلیەی شەحرور سەبارەت بەو بابەتە ئاماژەمان پێکرد لەمەو پێش.

هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو (12) بەشەی فەرموودە کە ئیبن عاشور ئاماژەی پێدەکات، بەگەرانەوە بۆ قورئان و کتێبەکانی توراسی ئیسلامی لەنێویاندا صیحاح و مەسانید، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پەیامبەر بە ڕەهایی مەعصوم و خاڵی لەهەڵە نەبووە، بگرە لە چەندین حالەت ئیجتهادی کردووە و نەیپێکاوە، بەڵام لە مەقاقی تەشریع و خواپەرستیەکان نا بەڵکو لە بابەتەکانی تری وەك: (القضاء، الإمارة، الإشارة على المستشير، النصيحة)، بۆ نمونە بابەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوانی بەدر و تەلقیحی دارخورماکان و دیاریکردنی سەربازگە لە جەنگی بەدر. سەبارەت بە بابەتەکانی تەشریع و عبادات پەیامهێن بە دەقی قورئان مەعصوم و پارێزراو بووە لەهەڵە: {وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ} [المائده: 67]، بەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تێزەکەی شەحرور سەبارەت بە دابەشکردنی فەرموودە بەسەر دوو یان سێ جۆر هەڵەیە و لەجێی خۆی نیە. بگرە ئامانجی شەحرور لەم دابەشکاریە تەنها پەراوێزخستنی ڕۆڵی سونەی قەولیە کە خۆی بە ئاشکرا پابەند بوون پێیانەوە لە غەیری شەعائیر بە پێویست نازانێت، کە ئەمەش لەپاڵ نا لۆژیکی بوونی بابەتەکە بێ ئینسافیەکی گەورەشە.

برگەی دووەم: ڕۆڵی فەقیە و شەرعناسان: دواتر شەحرور دەنوسێت: "مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی هەر لەسەرەتایی هاتنی پەیامی موحەمەدەوە هەتا قیامەت لە بوارەکانی زانستی و یاسادانان و کۆمەڵایەتیدا خاوەن مافە لە ئاشکراکردنی ڕاستیەتی و دروستی قورئان، کە پێویست نیە ئەو ڕاستیە لەسەر زاری هاوەڵان یان شوێنکەوتەکانیان یان زانایان بێتە دی" (شەحرور 2008، ل27 .(

ئەم قسەیە دوو رووی هەیە، لەروویەك راست و رووەکەی تری هەڵە. دیوە راستەکە بریتیە لەوەی کە مێژووی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی رێژەیی راستیەتی قورئانی لەو بوارانەدا سەلماندووە. دیوەکەی تری بریتیە لە تانەدان لە هاوەڵان و شوێنکەوتەکانیان و زانایان، کە بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا ئامانجەکانی شەحرور ئاشکرا دەکات کە دەیەوێت هیچ شتێکی بەهادار لای مرۆڤی بروادار بەهای نەمێنێت و لەسەنگ و قورسایی خۆی کەمی دەکاتەوە و بروای باوەردار بەرامبەر بە رەمز و دروشم و پایەکانی مەعریفە و ئاین و رەوشت دەخاتە گومان و شك، بەشێوەیەك هەرکەسێك پێ بەپێ لەگەل نوسینەکانی شەحرور بروات لەهەموو شتێك بە گومان دەکەوێت و لەکۆتاییدا گومان جێگەی ئیمانی دەگرێتەوە، بۆنمونە هەر لێرەدا سێ چین دەکاتە ئامانج و لەسەنگ و بەهاکەیان کەم دەکاتەوە کە (هاوەڵان و تابعین و فەقیهەکانن.(

شەحرور هەر لەیەکەم بەرهەمیەوە دەیەوێت رۆڵی زانایانی شەرع ناس کەم بایەخ بکات، تەنانەت لەزۆر شوێن بە زیادە و بار بەسەر ئاین و کۆمەڵگا وەسفیان دەکات، بۆ نمونە دەڵێت: "میراتگرانی پەیامهێنان بریتی نین لە زانایانی شەریعە و فیقە بەتەنها بەڵکو ئەمە هەر راست نیە. فەیلەسوفەکان، زانایانی سروشتناسی، شارەزایانی فەلسەفەی مێژوو، زانایانی بنچینەی جۆر و رەچەڵەکەکان (أصل الأنواع)، گەردوون ناسان، ئەلیکترۆن ناسان بریتین لە میرات گرانی پەیامهێنان" (شەحرور 1990، ل104.(

لەم چەند دێرەدا شەحرور نەوەك تەنها بە چاوێکی کەم بایەخ سەیری رۆڵی زانایانی شەرعزان دەکات، بگرە هەر بەزیادەیان دەزانێت، لەبری ئەمان ئەفلاتون و کارل مارکیس و هیگل و داروین و نیتشە بە میراتگری راستەقینەی پەیامهێنان هەژمار دەکات .!!!

هەروەها شەحرور لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا: {وَالرَّاسِخُونَ فِي الْعِلْمِ} [ئِل عمران: 7[،

دەڵێت: "لێرەدا پێویستە تێبگەین کە رۆچووان لە زانستدا –الراسخون فی العلم- بریتین لە کۆمەڵە فەیلسوفی گەورە و زانایانی سروشت و زانایانی رەچەڵەك ناسی مرۆڤ و بنچینەی گەردوون و زانایانی فەزا و مێژووزانان، هەموویان بەیەکەوە و بە دەستەجەمعی بە راسخ هەژماردەکرێن و دەبێت بۆ تەئویلی تنزیل الحکیم کۆڕ ببەستن، بەمەرج نەگیراوە کە لەو کۆرەدا فەقیە و زانایانی شەرع زان بونیان هەبێت، چونکە ئەوان لایەنی پەیوەندیدار نین بەم ئایەتە....کەواتە ئەم راسخانە بەیەکەوە کۆدەبنەوە بۆ تەئویلی قورئان نەوەك تاك تاك، هەریەکە بەپێی پسپۆریەکەی تەئویلی قورئان دەکات" (شەحرور 1990، ل192 .(

ئینجا شەحرور روونتر ئەو راسخانە دەناسێنێت و ناویان دێنێت و دەنوسێت: "راسخون ئەوانەن کە پێشەنگی مرۆڤەکانن وەك: البیرونی، ئیبن هەیسەم، ئیبن روشد، ئیسحاق نیوتن، ئەنیشتاین، تشارلز داروین، کانت، هیگل" (هەمان سەرچاوە، ل193.(

ئێستا روونە کە راڤەکاران و شیکارانی قورئان لە دیدی شەحرور بریتین لە کارل مارکیس و هیگل و نیتشە و داروین و نیوتن-کە بریتین لە رابەرانی فەلسەفەی رۆشنگەری رۆژئاوایی- کە هەندێکیان باوەریان بەخودا نیە و ئینکاری هێزێکی دەرەکی دەکەن لەدەرەوەی گەردوون بوونی هەبێت، کەچی ئەمانە لە دیدگای شەحرور خاوەنی راستەقینەی تەئویلی قورئانن و ئەبێت تەکلیفیان لێبکرێت کە کۆڕ و سمینار ببەستن بە ئامانجی تەفسیر و تەئویلی دەقەکانی قورئانی پیرۆز!!!، بەڵام زانایانی وەکو نعمان، مالیك، شافعی، ئەحمەد، ئیبن حەجەر و رافعی ...هتد هاوشێوەکانیان، ئەمانە هەر مافیان نیە لەشتێکی لەو بابەتە یان لە کۆڕ و سمینارێکی لەو جۆرە بونیان هەبێت و نزیك ببنەوە، چونکە ئەوانە میرات گری پەیامهێنان نین، بەڵکو داروین ی خاوەن تیۆری گەشەسەندن –النشوء والإرتقاء- میرات گری راستەقینەی پەیامهێنانە کە پێی وایە رەچەڵەکی مرۆڤ لە کرمێکەوە گەشەی کردووە و دواتر وردە وردە بەشێوەیەکی قۆناغ بەندی لەماوەی هەزاران ساڵ بووە بە جنسی هۆمۆ و ئەم جنسەش بەسەر دوو لق دابەش بووە کە یەکێکیان بووە بە مرۆڤ و ئەوی تر بووە بە مەیمون.

ئاشکرایە بەبێ گوێگرتن لە زانایان و خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان سەبارەت بە قورئان و تێکستە ئاینیەکان شارەزابوون لە ئاین ئەستەمە، چ جای ئەوەی مارکیس و هیگل و نیتشە هەڵبستن بە ئەنجامدانی ئەو کارە و رۆڵی ئەوان بگێرن، ئەمە هەمان ئەو پرۆسەیەیە کە کوردەواری دەربارەی وتوویەتی: بەزی بە کتکێ –پشیلە- سپاردووە، ئینجا کەسێك گۆشت و بەز بە کتکێ بسپێرێت، دەبێت دەرەنجامەکەی چی بەسەربێت .!!!

ئاخر چۆن دەگونجێ ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرام بێت و بۆ بێگانان حەڵال، داروینێك کە هەرگیز باوەری بە بابەتە ئاینیەکان نەبووە ببێتە راسخ و راڤەکاری قورئان، بەڵام نعمان و مالك و شافعی و ئەحمەد کە تێکرای تەمەنیان لە بوارەکانی شەرعناسی و شەرعزانی خەرج کرد مافی قسەکردنیان نەبێت لە راڤەکردنی ئایەتەکانی قورئاندا، ئەمە جگە لە شانۆگەریەکی کۆمیدیایی لە کوێی لۆژیك و ژیری جێگەی دەبێتەوە؟؟؟.

برگەی سێیەم: شەحرور و ئەدەبیاتی ئیسلامی: مەبەستمان بە ئەدەبیات یان کەلەپوری ئیسلامی بریتیە لە –التراث الإسلامی- کە تێکرای زانستە ئیسلامیەکان و تیۆری و بەرهەمی فەقیهو شەرعزانان و ئیجتهادی زانایان هەر لەسەردەمی هاوەڵانەوە تاوەکو ئەمرۆ

لەخۆ دەگرێت. شەحرور دەڵێت: "هەبوونی مادديانەی گەردوون و ياساكانى بريتين لە ووشەكانی خودا (كلمات الله)، كە دەست پێكی ئەو (كلمات الله)يە بريتيە لە زانستەكانی فيزيا، كيميا، زەوی ناسی، بيۆلۆجی، فەلەكيات و فەزاناسی... هەروەها قورئانی پيرۆز بريتيە لە كەلامی خودا... بۆيە پێويستە هەر بەخۆی بەس بێت بۆ شيكاری و راڤەكردنی خۆی، وەك وجودی ماديانەی گەردوون كە پێويستی بەهيچ شتێكی دەرەوەی خۆی نيە بۆ تێگەيشتن لێی...، بۆيە كليلەكانی تێگەيشتن لە قورئان-التنزيل الحكيم- بە زەرورەت هەر لەناو خودی خۆی دايە، بۆيە لە ناو خودی خۆی پێويستە بگەرێين بۆ دۆزينەوەی ئامرازەكانی تێگەيشتن و راڤەكردنی بەبێ پێويست بوون بە گەرانەوە بۆ كتێبەكانی صيحاح و موسنەدەكان و قسەی هاوەڵان و تابعين بۆ تێگەيشتن لە ئايەتەكانی قورئان، هەروەك دەكرێت گوێ لەهەموو قسەكان بگيردرێت تەنها لە بابی ئيستئناسدا" (شەحرور 2008، ل27-28 .(

لەم چەند دێرەدا شەحرور روونی دەكاتەوە بۆ راڤەكردنی قورئان پێويستمان بە چ زانستێك هەيە، ئاشكرايە ئەو زانستانەی كە لە ناو ئەدەبيات و كەلەپوری ئيسلامی بە پێويست زانراون بۆ تێگەيشتن لە قورئان، بريتين لە زانستەكانی (النحو والصرف، البلاغة، أصول الفقه، فەرمووده و فەرموودەناسی....هتد). كەچی شەحرور بەشێوەيەكی وريايانە زانستەكانی فيزيا، كيميا، زەوی ناسی، بيۆلۆجی، فەلەكيات و فەزاناسی، دەكاتە بەديلی ئەو زانستانە، كە دواتر بە ئاشكرا دەلێت: " بەبێ پێويست بوون بە گەرانەوە بۆ كتێبەكانی صيحاح و موسنەدەكان و قسەی هاوەڵان و تابعين بۆ تێگەيشتن لە ئايەتەكانی قورئان"، دياره لەم برگەيەدا بەشێكی زۆر سەرەكی و گرنگی كەلەپورو ئەدەبياتی ئيسلامی كەنارخست بۆ تێگەيشتن و راڤەكردنی قورئان، چۆن لە برگەی رابردوو بينيمان شەحرور زانايانی شەرع زانی دوور خستەوە لە تەفسيركردنی دەقەكانی قورئان و بە بار و زيادەی دانان و وای برياردا كە راڤەكردنی قورئان كاری زانايانی شەرع زان نيە، بەڵكو كاری ماركس و نيشتە و نيوتن و داروينە، لێرەشدا زانستە رەسەنەكانی شەرع زانی و تايبەت بە راڤەكردنی قورئان بە زيادە وەسف دەكات و بريارده‌دات كە هيچ پێويست نيە بۆ تێگەيشتن لە قورئان بگەرێينەوە سەر قسەی هاوەڵان و تابعين و فەقيهان. هەروەك پێويست نيە بگەرێينەوە بۆ سەر كتێبەكانی صەحيحی فەرموودە وەك بوخاری و موسليم و ترمزی و نەسائی و حاكم و موسنەدی ئيمام ئەحمەد...هتد، هەروەها كتێبەكانی تەبەقاتی ريجال و زانستی جەرح و تەعديل...هتد زيادەن و پێويستيمان پێيانەوە نەماوە، چونكە زيانيان زياترە لە سوود .

بەم برگەيەش شەحرور بەشی هەرە زۆری توراسی ئيسلامی بەزيادە وەسف دەكات و حوكمی فەرامۆشكردن و دورخستنەوەی لە كايەكانی شەرعزانی و راڤەكاری قورئان بەسەر دەدات. ئەوەی ناچێتە ژێر باری گەنگەشە ئەوەيە كە راڤەكردنی ئايەتەكانی قورئان لەدەرەوەی چوارچێوەی زانستە شەرعيەكان و بێ گەرانەوە بۆ قسەی هاوەڵان و تابعين و فەقيە و شەرعزانان، جگە لەوەی راڤەيەكی راست نايەنێتە بەرهەم، بگرە خزمەت بە هيچ گروپ و تايەفە و مرۆڤێكی بڕوادار ناكات، چ جای ئەوەی خودی راڤەكە لەسەر دەستی سەرانی كوفر و ئيلحادی وەك داروين و هيگل و نيتشە بێتە بەرهەم.

ئێمە پێمان وايە هەموو تيۆريەك بەشێك لە راستی لەخۆ دەگرێت ئەگەر هەڵگران و پەيرەوكارانيشی كافر و مولحيد و بێ باوەر بن، هەروەها دەكرێت سوود لەهەندێ لە بۆچوونەكانيشيان وەربگرين هەر يەكە و لە بوار و پسپۆريەكەی، بەڵام هەژماركردنی سەرانی كوفر و ئيلحاد بە خاوەنی راستەقينەی راڤەی قورئان و بەكەم بايەخ سەيركردنی رۆڵی زانايانی شەرعزان جيا لەوەی تەنها خزمەت بە كوفر دەكات، نا ماقوليەكی گەورەشە.

### 5/ شحرور و ئيجماع و قياس

" ئيجماع" كۆرا: بريتيە لە كۆدەنگی زانا خاوەن عەدالەت و ئيجتهادی سەردەمێك لەسەردەمەكان لەسەر حوكمی بابەتێكی دياريكراو لە شەرعدا (أبو زيد الدبوسی 2001، ل28)، كە بە سێيەم كۆلەگەی زانستی أصول الفقه هەژماردەكرێت، يەكێكە لەسەرچاوەكانی حوكمە فيقهييەكان و ياسادانانی ئيسلامی لەلايەن زۆربەی مەزهەبە ئيسلاميەكان –ئەگەر هەموويان نەبێت .-

شەحرور سەبارەت بە پرسی كۆرا دەڵێت: "كۆرا (الاجماع) بريتيە لە كۆدەنگی خەڵكی زيندوو لەسەر تەشريع (فرمان، ريگری كردن، بەخشين، قەدەغەكردن-الأمر / النهی/ سماح/ منع) هيچ پەيوەنديەكی بە 12 قەدەغەكراوەكان نيە. بۆ نمونە جگەرەكێشان، دەگونجێت قەدەغە بكرێت دوای ئاشكرابوونی زيانەكانی، لە رێگەی گشتپرسی، ئەنجومەنە ميلليەكان و پەرلەمان. هەروەها وەك چەند ژنی كە دەكرێت پێشگيری لێبكرێت نەوەك حەرام بكرێت لە رێگەی گشتپرسی يان پەرلەمان" (شەحرور 2000، ل192 .(

بەپێی ئەم بۆچوونەی شەحرو بێت، ئەوە ئيجماعی پێشينان لەهەريەك لە كۆرای هاوەڵان، تابعين، ئەتباعی تابعين، چوار مەزهەبەكە..هتد، لەسەر هەر بابەتێك بەستراێت، بەبێ رەچاوكردنی جۆر و تايبەتمەندی بابەتەكە رەتی دەكاتەوە، سەرەرايی ئەوەی كە ئيجماع وەك سەرچاوە و ئاشكراكەری حوكمی شەرعی ناناسێنێت. بەمەش شتێكی لە مەنهەجی شەحرور نامێنێت بەناوی كۆرا،

مەگەر کۆڕای پەرلەمان، بەبێ گوێدانە وەلائی پەرلەمان بۆ کێ؟ یان ئەندام پەرلەمانەکانی هەڵگری چ دید و بۆچون و ئایدیۆلۆژیایەکن؟ ئاشکرایە ئەمەش پێچەوانەی عەقل و لۆژیکە، چونکە ئەو بڕیارەی کۆڕایی لەسەر بەستراوە شیاوی کارپێکردنە کە لەلایەن شەرعزانان دەرچووە، نەوەك لەلایەن پەرلەمانی هیتلەر و مۆسۆلینی، یان هیگل و نیتشە و داروین و مارکیس.

سەبارەت بە قیاس، کە چوارەم کۆڵەگەی زانستی أصول الفقه، بریتیە لە دۆزینەوەی هۆکاری حوکمی شەرعی لەسەر دەرچوونی پرسێکی دیاریکراو، دواتر هەبوونی هەمان هۆکار لەپرسی دووەم کە دەق لەسەر حوکمەکەی نیە بەڵام هەمان هۆکاری تێدا هەیە، بەمەش دوای سەلماندنی هاوبەشی بوونیان لە علە هۆکاری حوکم، هاوبەشیش دەبن لە حوکمەکە. بۆ نمونە: خودا لە قورئان مەی حەرامکردووە –الخمر- کە لە خورما دروست دەکرێت، زانایان هۆکاری حەرامکردنەکەیان بە بێهۆشکەر سەلماندووە، لەکاتێك ئەو شەرابەی لە ترێ، گەنم، جۆ، دروست دەکرێت کە ناسراوە بە –النبیذ- دەق لەسەر حەرام بوونی نیە، بەلام هەمان علەی تێدایە کە بێهۆشکەرە، بۆیە حوکمی حەرام بوون بە قیاس لەسەر الخمر بەسەر (النبیذ)ـیش دەدرێت (عبدالکریم زیدان، ل194-195). ئەم پرۆسەیە بریتیە لە قیاس.

دیارە شەحرور ئەم بابەتەش وەك بابەتەکانی تر دەشێوێنیت، ناوەکەی وەك خۆی بەکاردەهێنێت، بەڵام ناوەرۆکێك دەخاتە روو کە خۆی دایرشتووە و دور و نزیك پەیوەندی بە زانستی أصول الفقه نیە، بەڵکو رێك پێچەوانەیەتی، دواتر وەك سەرچاوەی حوکمی شەرعی دەیناسێنێت، ئەمەش ئینحراف و تەدلیسێکی ئاشکرایە .

شەحرور دەڵێت: "قیاس (القیاس) بریتیە لەو پرسانەی بیناکراون و بڕیاریان لەسەردراوە لەرێگەی بەڵگە و بورهانی مادی و زانستی کە زانایانی سروشت، کۆمەڵناسی، ئامار و ئابووری پێشکەشی دەکەن. ئەمانە راوێژکاری راستەقینەن بۆ دەسەڵاتەکانی تەشریعی و سیاسی، نەوەك زانایانی ئاینی و دامەزراوەکانی فەتوادان، بەم بەڵگانە رێپێدان و رێگری نە وەك حەڵاڵ و حەرام دێتە بەرهەم" (شەحرور 2000، ل193 ).

بەپێی ئەم قسەی شەحرور تێکرای ئەو بابەتە فیقهیانەی کە حوکمی حەڵاڵ و حەرامیان بەسەر دراوە لەرێی قیاسەوە –بەمەفهومە راستەکەی أصول الفقه- ئەوە ئەسل و ئەساسیان نیە، ئەوەی پێویستە چاوی لێبکرێت ئەوە زانایانی غەیری زانا شەرعیەکان بۆ پرس و راوێژ، چونکە هیچ پەیوەندی بە زانا شەرعیەکانەوە نیە. کەواتە: دەرەنجامی ئەم قسەیە ئەوە دەدا بەدەستەوە، هەر پرسێك دەقی قورئان لەسەر حەڵاڵ و حەرام بوونی نەبێت، یان تازە دەرکەوتبێت و لەسەردەمی پەیامهێن نەبوبێت، ئەوە تەنها دەچێتە خانەی –الأمر والنهی- بە تێگەیشتنی شەحرور کە مانای حەلال و حەرام نادەن بەدەستەوە-، دەچنە خانەی دەسەڵاتی پەرلەمان بۆ رێپێدان یان قەدەغەکردن، بەم پێیەش هیچ پەیوەندیەکیان نامێنێت بە پاداشت و سزاوە، یانی کەس لەسەر ئەنجامدانی رێپێنەدراوێکی لەم چەشنە گوناهبار نابێت و سزای قیامەتی وەرناگرێت .

ئینجا خوێنەری ئازیز بروانە دەرەنجامەکەی، -النبیز- مەی دروستکراو لە ترێ و بەرهەمە کشتوکالیەکانی تر لەقورئان راستەوخۆ حەرام نەکراوە، کەواتە دەچێتە خانەی دەسەڵاتی پەرلەمان ئەگەر رێگەی بەخواردنەوەدا ئەوە هەرکەس بەکاری هێنا هیچ کێشەیەکی شەرعی نیە و کابرای مەی خۆر بەمەرجێك مەیەکە لە خورما دروست نەکرابێت هیچ گوناهێکی نەکردووە، تەنانەت ئەگەر پەرلەمانیش رێگری لێکرد و کەسێك هەر خواردیەوە ئەوە تەنها سەرپێچی فرمانی پەرلەمانی کردووە، بەڵام هیچ گوناهێکی ئەنجام نەداوە، بەهەمان شێوە تریاك، حەشیش، ئەفیون، بیرە، وێسکی...هتد. ئەمە لەکوێی عەقڵ و لۆژیك جێگەی دەبێتەوە؟؟؟!!!

بەم شێوەیە شەحرور هەردوو تێزی اجماع و قیاسیشی خستنە کەنارەوە. بەشێوەیەك کە هیچ پەیوەندیەکیان بە بابەتە شەرعیەکانەوە نیە.

**کۆتایی توێژینەوە**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، مەنهەجی شەحرور لەسەر چەند پایەیەکی لەرزۆك وەستاوە, کە پێچەوانەی دەقە راشکاوەکانی قورئان و بەڵگە عەقڵی و زمانەوانەکانن, سەرەڕای ئەوەی راست و راست لەگەڵ فەرموودە, زانستەکانی ئالە و أصول الفقە تێکدەگیرێن. بەمەش بۆمان روونەبێتەوە, کە خوێندنەوە هاوچەرخەکەی شەحرور جگە لە لادان و تەحریفێکی هاوچەرخ شتێکی تر نیە, لە تەرازووی زانست و لۆژیك و ژیری جێگەی نابێتەوە .

لە کۆتایی ئەم گەشتە دەکرێت دەرەنجامەکان لەچەند خاڵێك کورتبکەینەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- محمد شەحرور کەم تا زۆر پەیوەندی لەگەڵ زانستە ئیسلامیەکان نەبەستووە، کەواتە بە زانایەکی شەرعناس ئاینی هەژمار ناکرێت.

2- شەحرور سەرسامە بە فەلسەفە و بیری رۆژئاوایی، کە کردونی بە بەردی بناغەی خوێندنەوە هاوچەرخەکەی، بێگوێدانە جیاوازیە فرە رەهەند و هەمەلایەنەکانی نێوان جیهانی رۆژئاوایی مەسیحی و جیهانی رۆژهەلاتی ئیسلامی.

3- فەلسەفەی شەحرور لە چەقی نوێخوازەکان (الحداثویون) دایە، کە بنەما لەسەر تاریخانیەت و عەقلانیەت –بەتێگەیشتنی رۆژئاوایی- توێکاری بۆ دەقەکانی قورئان و توراسی ئیسلامی دەکەن، بەشێوەیەك عەقل تاکە پێوەری هەڵسەنگێنەری گشت بۆچوون و شیکاریەکانە.

4- شەحرور پێی وایە، التنزيل الحكيم تەنها ئیقامە حوجە لەسەر بروادراران دەکات، بەڵام لەراستیدا قورئان بۆ پەیامهێن موحەممەد دابەزرێنراوە، بۆ ئەوەی ئیقامە حوجە لەسەر گشت مرۆڤایەتی بکات، نەوەك تەنها بروادراران، بەمەش تیۆریەکەی شەحرور سەبارەت بەو بابەتە هەرەس دێنێت و دەچێتە خانەی لادان نەوەك نوێگەری.

5- شەحرور پێی وایە، تەئویلی قورئان کاری زانایانی شەرع زان نیە، بەڵکو کاری فەیلەسوفەکانی رۆژئاوا و زانستە پراکتیکیەکانە، بەمەش بۆمان روون دەبێتەوە تیۆریەکەی شەحرور سەبارەت بە تەئویلی قورئان جگە لە لادانێکی ئاشکرا شتێکی تر نیە.

6- شەحرور زانستە پراکتیکیەکانی رۆژئاوا بە بەردی بناغەی خوێندنەوە هاوچەرخەکەی هەژماردەکات، تێکرای پەرتووکەکانی صیحاح و مەسانید و کەلەپوری ئیسلامی بە زیادە دەزانێت، لەکاتێك هەر تێگەیشتنێك لەقورئان لەسەر زانستە ئیسلامیەکان بینانەکرابێت، جگە لە لادان و ئینحراف شتێکی تر نیە.

7- سەبارەت بە ئیجماع و قیاس و نەبوونی تەرادووف، تەنها چەمکەکان وەك خۆی بەکاردەهێنێت، بەڵام ناوەرۆکەکەی بەهەوەسی خۆی بۆ دارشتوون، کە پابەند نیە بەهیچ یاسا و رێسایەك بۆ توێکاری ناوەرۆکی ئەم چەمکانە، دەرەنجام دەیان بوختانی گەورەی بە دەمی زانایان هەڵبەستوون.

8- شەحرور حەڵال و حەرام لە ئەمرو نەهی جیادەکاتەوە، بەمەش گشت داهێنراوە تازەکان بەرەهایی دەخاتە خانەی ئەمر و نەهی کە پەیوەندیەکیان بە گوناهوتاوانەوە نیە، بەمەش ئینحرافێکی تر دەخاتە سەر هەرەمی لادانە هاوچەرخەکانی.

9- شەحرور پەیامهێن (د.خ) بە موجتەهید هەژمار دەکات لە پێگەی پێغەمبەرایەتیدا، ئەمەشی کردۆتە دەلاقەیەك بۆ رەتکردنەوەی تێکرای فەرمووده قەولیەکان.

10- شەحرور پێیوایە پایەکانی ئیمان و ئیسلام هەڵە بە ئێمە گەیێنراون، باوەڕ بەخوا، رۆژی دوایی، کردەوەی چاکە لای ئەو بریتین لە ئەرکانی ئیسلام، نوێژ, رۆژوو, زەکات و حەج بە ئەرکانەکانی ئیمان هەژمار دەکات، چونکە راستەوخۆ لەگەڵ دەیان دەقی راشکاوانەی قورئانی تێك دەگیرێت.

11- بەپوختی، ئەو مەنهەجەی شەحرور کاری پێکردووە بۆ خوێندنەوە هاوچەرخەکەی هیچ یەکێك لە پایەکانی لە تەرازووی قورئان و فەرموودە بە سەلامەت دەرناچن، هەندێکیان بریتین لە لادان و ئینحراف، هەندیکیشی جگە لەتەدلیس و بوختان بەدەمی زانایان شتێکی تر نیە، جیا لەوەی کە هەواو و ئارەزووی خۆی تاکە پێشەنگ و پێودانگە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەلەپووری ئیسلامی، هەرکات کاری بکەوێتە قسەی زانایان و فەرموودە ئەوە سڵ لەبەکارهێنانیان ناکاتەوە بۆ سەلماندنی قسەکانی، هەرگا خۆی وەك تاکە زانای نوێخوازی هاوچەرخ هاتە پێش چاوو، ئەوە بەراست و چەپ تەنها قسەکانی خۆی بۆ ئەم سەردەمە بەراست دەزانێت و باقی شتەکانی تر بە مەرحەلی و قۆناغ بەندی لە رەفەکانی مێژوو و قەتیس دەکا و رەتیان دەکاتەوە.

## سەرچاوەکان :


1. The Qur'an, Morality and Critical Reason – The Essential Muhammad Shahrur, translated, edited and with an introduction by Andreas Christmann, 2009.
2. ابن عاشور، م. (2001) مقاصد الشريعة الإسلامية. المحقق: محمد الطاهر الميساوي، الأردن: (دار النفائس)، ط2.
3. الباكستاني، ز. (1423هـ-2002م) من أصول الفقه على منهج أهل الحديث. (دار الخراز)، الطبعة: الطبعة الاولى.
4. الدّبوسيّ، ع. (1421هـ - 2001م) تقويم الأدلة في أصول الفقه. المحقق: خليل محيي الدين الميس، (دار الكتب العلمية)، الطبعة: الأولى.
5. الرومي،ش. (1414 هـ - 1993م) معجم الأدباء. المحقق: إحسان عباس، الناشر: (دار الغرب الإسلامي)، بيروت، الطبعة: الأولى.
6. الزحيلي، م. (1427 هـ - 2006م). القواعد الفقهية وتطبيقاتها في المذاهب الأربعة. دمشق: (دار الفكر) الطبعة: الأولى.
7. الزلمي، م. (2014) إيضاح الفوائد في شرح القواعد على نمط جديد. ط1.
8. زيدان، ع. الوجيز في أصول الفقه. مؤسسة قرطبة.

9. السيوطي، ج. (1411هـ - 1990م) الأشباه والنظائر. (دار الكتب العلمية)، الطبعة: الأولى.

10. السيوطي،ج. (1418هـ 1998م)، المزهر في علوم اللغة وأنواعها. المحقق: فؤاد علي منصور، بيروت: (دار الكتب العلمية)، ط1.

11. شحرور، م. (1990) الكتاب والقران. دمشق:(الأهالي)، ط1.

12. شحرور، م. (2000) نحو أصول جديدة للفقه الإسلامي. دمشق: (الأهالي)، ط1.

13. شحرور، م. (2008) تجفيف منابع الإرهاب. بيروت: (مؤسسة الدراسات الفكرية المعاصرة)، ط1.

14. شحرور، م. (2012) السنة الرسولية والسنة النبوية رؤية جديدة. بيروت: دار الساقي، ط1.

15. الصيداوي، ي. بيضة الديك نقد لغوي لكتاب الكتاب والقران. د.م: المطبعة التعاونية، د.ت.

16. عبدالرحمن، ط. تجديد المنهج في تقويم التراث. ط2، (المركز الثقافي العربي).

17. غريب، ع. (2011) إشكالية الترادف في القران الكريم. (من منشورات منتدى الفكر الإسلامي في إقليم كوردستان العراق، أربيل: مطبعة آراس).

18. المحلي، ج، والسيوطي، ج. تفسير الجلالين، القاهرة: (دار الحديث)، ط1.

19. المنياوي، م. (1432هـ -2011م) الشرح الكبير لمختصر الأصول من علم الأصول. مصر: (المكتبة الشاملة)، الطبعة: الأولى.

20. النملة، ع. (1420هـ-1999م). الْمُهَذَّبُ في عِلْمِ أُصُولِ الفِقْهِ الْمُقَارَنِ. الرياض: (مكتبة الرشد)، الطبعة الأولى.

21. النيسابوري،ع. (1430) التفسير البسيط. تحقيق: 15 رسالة دكتوراه، الناشر: (عمادة البحث العلمي - جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية) ط1.


**Mohammed shahrur's method of discussing the holey texts and Islamic tradition; A critical and analytiacal study**


**Kosrat Saleh Ahmed**

Department of Relegious Education - College Islamic Sciences / Salahaddin University-Erbil



Abstract

The methodology is considered to be just like a basic stone for all the outcomes of the research and academic writings. So, whenever the methodological principles are true scientifically and objectively, the results of the study would be much closer in the truth than other works. Therefore, this research aims to study the most important principles of the methodology of Muhammad Shahrour in two methodological approach, which are critical and analytical approach. The problem of research lies in the evaluation of these principles and their criticism to clarify the truth of his study works and writings, and determine their position between renewal and distortion. The research has attempted to answer several questions, the greatest one of them it is: Are the methodological principles of Mohammed Sharour included innovation or distortion? The researcher also took a systematic approach to analysis and criticize his methodological principles. The first is to analyze these principles in Shahrour's view, and the other to critique and evaluate them based on Qur'anic, mental and linguistic evidence. One of the most important findings of the researcher is that the principles of Shahrour's methodology fall within the scope of the distortion instead of renewal and diligence, because of his commitment to scientific and objectivity.



**Keywords**: Method, holey texts, Islamic tradition, Shahrur.


**منهج محمد شحرور في التعامل مع النص والتراث: دراسة تحليلية نقدية**


**كوسرت صالح أحمد**

كلية العلوم الإسلامية/ جامعة صلاح الدين – أربيل

kosrat.ahmed@su.edu.krd



**ملخص**

يعتبر المنهج بمنزلة الحجر الأساسي لكل ما توصل إليه الباحث أو الكاتب من نتائج البحث والكتابة، فكلما كان المنهج ومبادئه علميًا وموضوعيًا كانت النتائج أقرب إلى الحق والحقيقة، وكلما كانت تلك المبادئ المنهجية ركيكًا وبعيدًا عن الموضوعية كانت النتائج أعوج، ومن الانحراف والغموض أقرب. لذا فإنّ هذا البحث يهدف دراسة أهم مبادئ المنهجية لمحمد شحرور نقدًا وتحليلًا. كما تكمن مشكلة البحث من تقييم تلك المبادئ ونقدها لتوضيح حقيقة كتاباته ومؤلفاته، وتحديد مكانتها بين التجديد والتحريف. وقد حاول البحث إجابة عدة أسئلة أهما: هل يدخل المبادئ المنهجية لمحمد شحرور في التجديد أو التحريف؟ كما سلك الباحث منهجي التحليل والنقد في ذلك، فالأول لتحليل تلك المبادئ في نظر شحرور، والآخر لنقدها وتقييمها اعتمادًا على الأدلة القرآنية والعقلية واللغوية. ومن أهم ما توصل إليها الباحث من النتائج هي أنَّ مبادئ شحرور المنهجية داخلة في نطاق التحريف بدلًا من التجديد والاجتهاد؛ لعدم التزامه بالعلمية والموضوعية.